# سروشتی ناکۆکییەکان و میکانیزمەکانی چارەسەرکردنیان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا

د.عابد خالد رسول*          ڕێژنە ئەبوبەکر قادر**

وشە کلیلییەکان: فیدراڵیزم، دەوڵەتی فیدراڵی، ناکۆکییە فیدراڵیەکان، میکانیزمی چارەسەر.
https://doi.org/10.31271/jopss.10061

**پوختە**

فیدراڵی وەک یەکێک لە شێوە باوەکانی دەوڵەت لەجیهاندا لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەرکراوە، بەڵام لەبارەی سروشتی ناکۆکییەکان تیایدا ومیکانیزمەکانی چارەسەرکردنیان کەمتر کاری لەسەرکراوە، بەوپێیەی زۆربەی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتی فیدراڵی لە سروشتی ئاوێتەیی ئەم دەوڵەتە خۆیەوە سەرچاوەی گرتووە، کە پێکهاتووە لە چەند ئاستێکی جیاواز لە حکومەت وچەندین یەکەی پیکهێنەر، بۆیە میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییانەش هەر لەم سروشتە ئاوێتەییەی دەوڵەتی فیدراڵیی خۆیەوە سەرچاوە دەگرن. دیارە گرنگترین ئەو تەوەرانەی کە دەبنە هۆکارێک بۆ سەرهەڵدانی ئەم ناکۆکییانە بریتیە لە ئارەزوی یەکێک لە ئاستەکانی حکومەت بۆ زیادکردنی دەسەڵاتی لەسەر حیسابی ئاستەکەی تر، هەروەها کێشەی دابەشکردنی داهات وسەرچاوە داراییەکان تەورێکیتری ناکۆکییە کاتێک یەکێک لە ئاستەکانی حکومەت بەشێکی زۆر لە دەسەڵاتە داراییەکان لای خۆی دەهێڵێتەوە لەسەر حیسابی ئاستەکەی تر، تەوەرێکی دی ناکۆکییەکانیش بریتییە لە تەڵەزگەی دارشتنی شوناسی دەوڵەت، ئەمجا بەوپێیەی بەشێکی زۆر لە دەوڵەتە فیدراڵییەکان لەجیهاندا کۆمەڵگای فرەیین گەر دەوڵەت نەیتوانی بەشێوەیەکی گونجاو ئیدارەی ئەو فرەییە بدات ئەوا ڕووبەڕووی ناکۆکی ئیتنی ونەتەوەیی وئاینی جۆراوجۆر دەبێتەوە.

ئەم توێژینەوەیە ئەوی خستۆتەڕوو، کە ئەم ناکۆکییانە لەڕێگای دووجۆر لەمیکانیزمەوە چارەسەر دەکرێن کە یەکەمیان میکانیزمە هەمیشەییەکانە و بریتین لە (دەستوری فیدراڵی، ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان، دادگای فیدراڵی)، دووەمیشیان میکانیزمە کاتییەکانە و بریتین لە (دانوستان وڕێککەوتن، ڕاگەیاندنی باری نائاسایی، جیابونەوەو ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی). دیارە کارپێکردن و کاریگەریی هەر یەکێک لەم میکانیزمانەش لە دەوڵەتێکی فیدراڵییەوە بۆ دەوڵەتێکی تری فیدراڵی جیاوازە.

**ملخص**

**طبيعة الخلافات وآليات حلها في الدولة االفيدرالية**

الفيدرالية كأحد اشكال الدول الشائعة في العالم أجريت بشأنها الكثير من الدراسات، ولكن فيما يتعلق بطبيعة الخلافات فيها وآليات حل تلك الخلافات قد ندرت حولها دراسات متخصصة. وبالنظر

---

* پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە بەشی زانستە ڕامیارییەکان لە کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان / زانکۆی سلێمانی، بەڕێوەبەری بەشی ئاسایش وسیاسەتی گشتی لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی: abid.rasul@univsul.edu.iq

** خوێندکاری ماستەر لە پرۆژەی هاوبەشی خوێندنی باڵا-ماستەر لەنێوان زانکۆی سلێمانی (کۆلیجی زانستە ڕامیارییەکان) و زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی (کۆلێجی یاساو ڕامیاری)

الى ان معظم الخلافات في الدولة الفيدرالية تأتي من طبيعة الدولة نفسها المركبة من مستويات مختلفة من الحكم ومن وحدات متعددة، فهذا يستوجب حل تلك الخلافات بآليات نابعة هي أيضا من طبيعتها المركبة. ومن الظاهر ان اهم المحاور التي تصبح سببا لبروز تلك الخلافات تتمثل في رغبة إحدى مستويات الحكم (الحكومة الفيدرالية أو حكومات الوحدات) في توسيع سلطتاها على حساب المستوى الآخر، بالاضافة الى مشاكل توزيع الايرادات والمصادر المالية جراء احتفاظ إحدى مستويات الحكم بالكثير من الصلاحيات المالية على حساب الآخر، وكذلك ثم الخلافات المتمثلة في معضلة كيفية صياغة هوية الدولة، وبما ان الكثير من الدول الفيدرالية في العالم تضم مجتمعات تعددية فإذا لم تقدر على ادارة هذا التعدد بشكل ملائم فانها تواجه مشاكل عرقية وقومية ودينية.

وقد بين هذا البحث ان هذه الخلافات يمكن حلها عن طريق نمطين من الآليات، اولهما هي الآليات الدائمية التي تشمل (الدستورالفيدرالي، والمجلس التشريعي الثاني، والمحكمة الاتحادية). اما ثانيهما فهي الآليات المؤقتة التي تضم ( المفاوضات والاتفاقات، واعلان حالة الطواريء، والانفصال واعلان الاستقلال)، ومن الواضح أن تطبيق أي من تلك الآليات ومدى تأثير كل منها تختلف من دولة فيدرالية الى اخرى

**Abstract:**

**The nature of disputes and their resolve mechanism within federal states**

Federalism as a most modern type of states in the world has been investigated and so many researches have been made about it. But less investigation have been made about the nature of conflicts and the mechanism of their settlement, especially when federal states as a whole other types of states have their issues and problems which they need to be solved by a suitable mechanism .

The most important issues which become causes to raise those conflicts includes the desire to empower authority by the central government and increasing the authority and independence of ingredients. Also, the distribution of incomes and financial resources is another issue which causes conflict because usually the central government hold a huge part of powers in his grip. The final issue of the conflict is the frame of the state identity while the majority of federal states in the world have a plural and diverse community, so federal states can't properly manage that diversity , finally they face ethnic, national, and regional conflict .

This research ends by the conclusion that those conflicts can be solved by two types of mechanisms which are: the permanent mechanisms and temporary mechanism. The most important mechanisms include: (federal constitution, the second legislative council, federal court), and the temporary mechanisms include: (negotiation and agreement, declaration of state of emergency, separation and declaration of independence). The use and effect of each of these mechanisms varies from a federal state to another federal state.

## پێشەکی

دەوڵەتی فیدراڵی یان یەکێتی فیدراڵی یەکێکە لە جۆرەکانی دەوڵەتی ئاوێتە لە دونیادا و لەئێستادا نزیکەی (٢٨) دەوڵەت لەژێر سیماو تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوازە دەوڵەتەدا بەڕێوەدەبرێن. دیارە ئەم شێوازەش وەك کۆی شێوازەکانی تری ڕێکخستنی دەوڵەت لە دنیادا بە دوو نیە لە ناکۆکی و گرفت و کێشە کە لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و یەکە پێکهێنەرەکان، یان لە یەکە پێکهێنەرەکان ڕوو دەدەن، هەڵبەت سروشتی ئەم ناکۆکیانەش لە دەوڵەتێکی فیدراڵیەوە بۆ دەوڵەتێکی تری فیدراڵی دەگۆڕێ، بەڵام بەگشتی تەوەری ناکۆکیەکان و هۆکارەکانی ڕوودانیشیان پەیوەستن بە سروشتی دەوڵەتی فیدراڵی خۆیەوە کە هەمیشە تێیدا دوو ئاست لە حکومەت (حکومەتی فیدراڵی و حکومەتەکانی یەکە پێکهێنەرەکان) یان فرە حکومەتی (حکومەتەکانی یەکە پێکهێنەرەکان) هەیە، بەڵام ڕەنگە بەردەوام بوونی ئەو ناکۆکیانە، سەرەڕای ئەوەی کە دەوڵەتەکە دوور دەخاتەوە لە سیماو تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی فیدراڵی، هاوکات دەوڵەتەکەش بەرەو هەڵوەشاندنەوە یاخود لاوازبوون بەرێت، هەر لەبەرئەمەش بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیانە لە دەوڵەتیدا پەنا بۆ چەند میکانیزمێکی جۆراوجۆر دەبرێت، کە مەرج و شێوازو کاریگەری هەر میکانیزمێکیان لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر دەگۆڕێت.

**کێشەی توێژینەوەکە:** بریتیە لە خستنەڕووی تێگەیشتنێک بۆ سروشتی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا و میکانیزمەکانی چارەسەرکردنیان، بۆئەمش توێژینەوەکە هەوڵ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە ئەدات: ئایا سروشتی ناکۆکیەکان لەدەوڵەتی فیدراڵیدا چۆنە؟ تەوەرە و هۆکارەکانی ڕوودانیان چین؟ ئەی میکانیزمەکانی چارەسەرکردنیان چین و چۆن بەکاردێن؟

**گریمانەی توێژینەوەکە:** بریتیە لەوەی کە دروستبوونی دەوڵەتی فیدراڵی لە ژینگەو ئەزمونی جیاوازدا، وادەکات کە بەدوورنەبێت لە ناکۆکی و کێشەی جۆراو جۆرو جیاواز پەیوەست بەو ژینگەیەی کە تێیدا سەریهەڵداوە، ناکۆکیەکانیش بەهەمان شێوە لەڕێگای میکانیزمی جۆراو جۆرەوە چارەسەر دەکرێن.

**گرنگی توێژینەوە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە تیشك خستنە سەر لایەنێکی گرنگ لە دەوڵەتی فیدڕاڵی، کە ئەویش ئەو ناکۆکی و گرفتانەیە کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، میکانیزمەکانی چارەسەرکردنیان.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەشەن و کەوکردنی سروشتی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتی فیدڕاڵیدا، خستنەڕووی تەوەر و هۆکارەکانی دروستبوونی ئەم ناکۆکیانە، هەروەها گەڕان بەدوای گرنگترین و دیارترین میکانیزمەکانی چارەسەرکردنیان.

**میتۆدی توێژینەوە:** لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا هەردوو میتۆدی وەسفی و یاسایی بەکارهاتووە، میتۆدی وەسفی زیاتر لە ڕوونکردنەوە وباسکردنی دەوڵەتی فیدڕاڵی وسروشتی ناکۆکیەکان تیایدا بەکارهاتووە، هەرچی میتۆدی یاسایشە زیاتر لە میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیانە سوودی لێ وەریگراوە، بەو پێیەی بەشێکەی سەرەکی میکانیزمەکان دەچنە ژێر سایەی یاسای دەستورییەوە.

**پەیکەری توێژینەوە:** ئەم توێژینەوە لە پێشەکیەك و دوو باس پێکهاتووە، باسی یەکەمدا لەڕێی دوو خواستەوە تیشك دەخاتە سەر ناساندنی دەوڵەتی فیدراڵی وسروشتی ناکۆکییەکانی و تەوەرەکانی جێی ئەو ناکۆکیانە و هۆکارەکانی دروست بوونیان. باسی دووەمیش ڕۆشنایی خستۆتە سەر میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتی فیدڕاڵیدا لە چوارچێوەی دوو خواستدا هەریەکە لە میکانیزمە هەمیشەییەکان (دەستوری فیدراڵی، وئەنجومەنی دوومی یاسادانان، ودادگای فیدڕاڵی) و میکانیزمە کاتیەکان (دانوستان وڕێککەوتن، وڕاگەیاندنی باری نائاسایی، وجیابوونەوە وڕاگەیاندنی سەربەخۆیی) شەن وکەو دەکات، لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا دەرئەنجامەکان خراونەتەڕوو.

## باسی یەکەم:
## دەوڵەتی فیدراڵی وسروشتی ناکۆکییەکانی

گەر سروشتی زۆربەی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستبێت بە تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە لە دەوڵەت خۆیەوە، ئەوا بەر لە دیاریکردنی سروشتی ئەو ناکۆکیانە سەرەتا ناساندنێک بۆ دەوڵەتی فیدراڵی وتایبەتمەندییەکانی پێویستە، بەم شێوەیە:

### خواستی یەکەم: ناساندنێک بۆ دەوڵەتی فیدراڵی وتایبەتمەندییەکانی:

لەو ڕوانگەیەوە کە دەوڵەتی فیدراڵی (الدولة الفيدرالية- Federal State) جۆرێکە لە جۆرەکانی دەوڵەتی ئاوێتە[1]، کە لە یەکێتی (چەند دەوڵەتێک) یان (چەند هەرێمێک) یان (چەند یەکەیەک) پێک دێت[2]، پێناسەی جۆراوجۆر بۆ ئەم شێوازە دەوڵەتەش کراوە کە بەگشتی دەتوانرێت دابەشبکرێن بۆ دوو گروپ، یەکەمیان گروپی ئەو پێناسانەن کە ڕایان وایە دەوڵەتە ئەندامەکانی یەکێتییەکە دوای یەکگرتنیان بەشێک لە سەروەرییان دەمێنێت و سیفەتی کەسایەتی نێودەوڵەتییان دەبێت، وەک پێناسەکەی (د.محمد فتوح محمد عثمان) کەدەڵێت بریتییە لە: "یەکێتی چەند دەوڵەتێک لە شێوەی یەک دەوڵەتدا کە دەوڵەتی فیدراڵییە بەپێی دەستوورێکی فیدراڵی لەگەڵ

(١) محسن خليل، القانون الدستوري والنظم السياسية، (بدون مكان الطبع وجهة النشر، ١٩٨٧)، ص ص ١٢٣-١٢٨.

(٢) حەسەن مستەفا و بژار عبدالله، سیستەمە سیاسیەکان (سیستەمی سیاسی عێراق وهەرێمی کوردستان وەك نموونە)، ناوەندی چاپ و بلاوکردنەوەی سۆران، هەولێر، ٢٠١٢، ل ٣٧.

مانەوەی دەسەڵاتەکانی حوکمڕانی بەدابەشکراوی لەنێوان وڵاتانی ئەندامدا لەچوارچێوەی ئەو سنوورەی کە بەڵگەنامەی یەکێتییەکە دەستەبەری دەکات، لەگەڵ سوودوەرگرتنی هەیەک لە دەوڵەتە فیدراڵییەکە ودەوڵەتانی ئەندامیش لە کەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتییان"[٣]. بەڵام دووەمیان گروپی ئەو پێناسانەن کە ڕایان وایە هەرێم ویەکە پێکهێنەرەکانی یەکێتییەکە دوای یەکگرتن هیچ جۆرێک سەروەرییان نامێنێت وسیفەتی کەسایەتی نێودەڵەتییان نابێت، وەک پێناسەکەی (د.نعمان أحمد الخطیب) کەدەڵێت بریتییە لە: دەوڵەتێکی ئاوێتە کە لە چەندین دەوڵەت یان دەوڵەتۆکەیەک پێکهاتووە کە پێکەوە یەکیانگرتووە و یەک دەوڵەتیان دامەزراندووە کە تێیدا دەوڵەتە ئەندامەکان کەسایەتی نێودەوڵەتییان لەدەستدەچێت"[٤].

بەڵام ڕای هەریەک لەو دوو گروپەی پێناسەکان بۆ کەسایەتی هەرێم و یەکە پێکهێنەرەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا هەرچییەک بێت، ئەوا ئەم شێوازە لە دەوڵەت چەند تایبەتمەندییەکی هەیە کە زۆربەی زانا و توێژەران لەسەریان هاوڕان، ئەوانیش بریتین لە:

### ١- دووانەیی دەسەڵاتی گشتی لە دەوڵەتی فیدراڵیدا:

واتە لە دەوڵەتی فیدراڵیدا دەسەڵاتی گشتی لەسەر دوو ئاستی جیاواز بوونی هەیە، کە جگە لە دەسەڵاتە فیدراڵییەکان، هەرێمەکانیش بەهەمان شێوە هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان وجێبەجێکردن ودادوەرییان هەیە، ئەمەش واتای تەواوی دەوڵەتی ئاوێتە بەرجەستە دەکات کە تیایدا دوو ئاست لە حکومەت هەیە، یەکێکیان بۆ هەموو دەوڵەتە فیدراڵییەکەیە وئەوویتریش بریتییە لە حکومەتەکانی هەریەک لە هەرێم و یەکە پێکهێنەرەکان[٥].

حکومەتی فیدراڵی یان ناوەندی زیاتر کار لەسەر بەڕێوەبردنی کاروبارە گرنگ و پەیوەندیدار بە ئامانج و بەرژەوەندییە گشتی یان هاوبەشەکانەوەدەکات، وەك سیاسەتی دەرەوە وکاروباری سەربازی ودارایی گشتی وهێما نیشتیمانیەکان، هەرچی حکومەتەکانە لە هەرێمەکاندا زۆرتر کار لەسەر بەڕێوەبردنی ئەو کاروبارانە دەکات کە سروشتی هەرێمی و خۆجێییان هەیە وپەیوەستن بەناوخۆیی هەرێمەکانەوە[٦]. بەڵام ئەم جیاکردنەویەی ئەرکی حوکمەتەکان لەنێوان هەردوو ئاستەکەدا هەمیشە هێندە ڕوون و ڕاشکاوانە نییە، بۆیە ئەمە یەکەمین سەرچاوەی دروست بوونی ناکۆکییەکانی لە دەوڵەتە فیدراڵییەکاندا.

### ٢- بوونی دەستورێکی نوسراو:

بەو پێیەی ئەم جۆرە لە دەوڵەت، جیاواز لە جۆرەکانیتری دەوڵەتی ئاوێتە، کە تەنها بەپێی

(٣) نقلا عن: وليد كاصد الزيدي، الفدرالية: المركز الاسلامى للدراسات الاستراتيجية، النجف، ٢١٠٩، ص ٢٨.

(٤) د.نعمان احمد الخطيب، الوجيز في النظم السياسية، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، ط ١، ١٩٩٩، ص ٨٨ .

(٥) پێشەوا حمید عبدالله، پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن لە دەوڵەتی فیدڕاڵیدا، مەکتەبی بیرو هۆشیاری یەکێتی، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٧٢ .

(٦) ناوەندی لێکۆڵینەوەی حیزبی دیموکراتی ئێران، فیدراڵیزم لە وڵاتانی فرە نەتەوەدا، ٢٠١٠، ل١٨.

دەستورێکی گشتی بۆ هەموو یەکێتییەکە دروست دەبێت کە بە (دەستوری فیدراڵی) ناودەبرێت وگوزارشت لە ویستی گەل ویەکە وهەرێمەکان دەکات بۆ پێکهێنانی دەوڵەتە فیدراڵییەکە[٧]، بۆیە هیچ دەوڵەتێکی فیدراڵی سەردەم بەبێ دەستوری نوسراو دروست نەبووە[٨]. دەستوری فیدراڵی بنەمای یاسایی دیاریکردن و دابەشکردنی دەسەڵات وتایبەتکارییەکانە* لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتەکانی هەرێمەکان، باڵاترین یاسای وڵاتیشە کە نابێت هیچ بەندێك یان بڕگەیەك لە یاسا فیدراڵییەکاندا و لە دەستور ویاسای هەرێمەکانیشدا پێچەوانە و ناکۆك بێت لەگەڵ بنەماکانی دەستوری فیدراڵی[٩].

گرنگترین سیمای دەستوری فیدراڵی ئەوەیە کە دەستورێکە تاك لایەنە هەموار ناکرێت وپێویستی بە ڕەزامەندی ڕێژەیەکی بەرچاوی لە یەکە پێکهێنەرەکانە، بۆ زامنکردنی ئەمەش دەستورێکی جامد دەبێت کە هەمواركردنی پێویستی بەچەند ڕێوشوێنێکی تایبەت دەبێت، ئەم ڕێوشوێنانەش لەنێوان دەوڵەتە فیدراڵییەکاندا بە پلەی جیاواز ئەو ڕەزامەندییە ویلایەتەکان لەسەر هەموارکردنی زامن دەکەن، کە بەگشتی بۆ سێ شێواز پۆلێن کراوە[١٠]:

١- ڕەزامەندی پەرلەمانی فیدراڵی لەگەڵ زۆربەی پەرلەمانی ویلایەتەکان: وەك لە (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، فەنزویلا، مەکسیک).

٢- ڕەزامەندی زۆرینەی هاوڵاتیانی دەوڵەتە فیدراڵییەکە لەگەڵ زۆربەی ڕەهای ویلایەتەکان لە (سویسرا).

٣-ڕەزامەندی پەرلەمانی فیدراڵی: بە زۆرینەی تایبەت لە هەردوو ئەنجومەنەکەدا، وەك لە (ئەرجەنتین، بەڕازیل).

لەبەرئەمە، بەشداریکردنی ویلایەتەکان یان یەکە پێکهێنەرەکان لە هەموارکردنەوەی دەستوری فیدراڵیدا یەکێکە لە سیما گرنگەکانی فیدراڵی، لەم کارەشدا جگە لەوەی کە هەرێمەکان ڕەزامەندی خۆیان دەردەبڕن هاوکات بەشداریش دەکەن لە بەشێك لە سەرووەریدا، هەروەها نوێنەرایەتی ئامرازی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان گروپە جیاوازەکانی ناو دەوڵەتی فیدراڵیش دەکەن دوور لە قەوارە وکەسێتی خۆیان[١١].

لەگەڵ ئەوەشدا، هەرچەندە دەستوری فیدراڵی سەرەکیترین میکانیزمە بۆ چارەسەرکردنی ئەو

(٧) المؤسسة الدولية للديمقراطية والانتخابات، الفيدرالية، ايار/ ٢٠١٥، تاريخ الزيارة: ٢٠٢٠/١٢/١٠ على الرابط الاتى: https://www.idea.int/sites/default/files/publications/federalism-primer-AR.pdf

(٨) محمد عمر مولود، الفيدرالية وامكانية تطبيقها في العراق، مؤسسة موكريان، اربيل،٢٠١٣ ، ص٢٤١ .

* مەبەست لە وشەی (تایبەتکاری کوردی) بریتی یە لە وشەی (اختصاصات)ی عەرەبی.

(٩) پێشەوا حمید عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢ .

(١٠) سولاف محمدامين، تحديد الصلاحيات في الدولة الفدرالية : دراسة تحليلية مقارنة في طبيعة الدستور الفدرالي، رسالة ماجيستر (غير منشورة)، كلية القانون، جامعة صلاح الدين، ٢٠٠٦، ص٤٩.

(١١) علي مدلول محسن، ضوابط ممارسة الوظيفة التشريعية في الدساتير الفيدرالية، اطروحة دكتورا (غير منشورة)، كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة بيروت، ٢٠١٦، ص١١٣ .

ناكۆكییانەی لەنێوان ئاستەکانی حکومەتدا ڕوودەدەن[١٢]، بەڵام مەرج نییە هەمیشە دەقە دەستورییەکان لە ئاست چارەسەری ئەو ناکۆکیانەدا هێندە ڕوون وڕاشکاوبن، بۆیە ئەمەش بۆخۆی دەشێت ببێتە سەرچاوەیەکی ناکۆکی لە هەندێک لە دەوڵەتە فیدراڵیەکان.

**٣- بوونی جۆرێک لە نوێنەرایەتیکرنی بەسەنگتر بۆ هەرێمە بچووکەکان:**

ئەمەش زۆربەی جار لەڕێگەی ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان لە پەرلەمانی فیدراڵیدا زامن دەکرێت، کە بەڕای زۆربەی دەستورناسان بوونی ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان* لە دەوڵەتی فیدراڵیدا سەرەکیترین ئامرازی بەشداریکردنی هەرێم ویەکە پێکهێنەرەکانە لە ویستی باڵای ئەم جۆرە دەوڵەتەدا[١٣]. لەبەرئەمە لە زۆربەی دەوڵەتە فیدراڵییەکاندا (پەرلەمانی فیدراڵی) لە دوو ئەنجومەن پێکدێت؛ (ئەنجومەنی یەکەم) لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی کۆی دانیشتوانی یەکێتییەکە دروستدەکرێت، بەڵام (ئەنجومەنی دووەم) لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی ویلایەت و هەرێمەکانی ناو یەکێتییەکە دروستدەکرێت. ئەمەش لەبەر مەبنای ئەوەی کە دەوڵەتی فیدراڵی بە تەنها لە تاکەکانی گەل پێکنەهاتووە بەڵکو لەچەندین ویلایەت یان هەرێمیش پێکهاتووە، کە سەربەخۆیی خۆیان هەیە، لەبەرئەمە ئەگەر ئەنجومەنی یەکەم نوێنەرایەتی بەرژەوەندی کۆی دەوڵەتە فیدراڵییەکە بکات، ئەوا ئەنجومەنی دووەم نوێنەرایەتی بەرژەوەندی ویلایەت و هەرێمەکان دەکات[١٤].

هاوکات ئەم ڕێکخستنە دووانییەی دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵی دەرفەت بۆ هەرێمە بچوك و لاوازەکان دەرەخسێنێت کە لەکاتی دانانی یاسا فیدراڵییەکان وپەسەندکردنیاندا، بەکردەوە ئامانج وبەرژەوەندییەکانیان بخەنەڕوو و نەبنە قوربانی هەیمەنەی هەرێمە گەورە و دەوڵەمەندکان[١٥]. ئەمەش بەوە دەکرێت کە نوێنەرایەتیکردنی هەرێمەکان لە ئەنجومەنی دووەمدا بەشێوەیەک ڕێکبخرێت کە قورساییەکی زیاتری لەچاو نوێنەرایەتیکردنیان لە ئەنجومەنی یەکەمدا هەبێت، بۆ نموونە لە کاتێکدا کە ژمارەی نوێنەری هەرێمەکان لە ئەنجوومەنی یەکەمدا لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتوانیان دەبێت، بەمەش ئەو هەرێمانەی ژمارەی دانیشتوانیان زۆرە ژمارەی نوێنەرەکانیشان زۆرترە لەچاو ئەو هەرێمانەی کە ژمارەی دانیشتوانیان کەمە، بەڵام دەشێت ژمارەی نوێنەری هەموو

(١٢) سۆران علی حسن، التنظيم القانونی للوحدات الفدرالية فی العراق، مرکز ژیر، اربيل، ٢٠١٧، ص١٧.

* ئەم ئەنجومەنە لە (سویسرا، هندستان، سۆدان) بە (ئەنجومەنی کانتۆنەکان) یان (ئەنجومەنی هەرێمەکان) ناودەبرێت، لە (ئەڵمانیا، نەمسا، روسیا، ئەسیوبیا) پێی دەوترێت (ئەنجومەنی فیدراڵی)، بەڵام لە زۆربەی وڵاتاندا هاوشێوەی (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) پێی دەوترێت (ئەنجومەنی پیران).

(١٣) گۆران ئازاد حەمەد، دەسەڵاتی دادوەری لە دەوڵەتی فیدڕاڵیدا، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٨ ، ل٨٣ .

(١٤) عادل ابراهيم ادهم، التنظيم الاداري فی الدول الاتحاديه (العراق نموذجا)، اطروحة دكتورا (غير منشورة)، كلية القانون، جامعة سانت كليمنتس العالمية، ٢٠١٤، ص٦٥.

(١٥) آيات سلمان شهيب، النظام الفيدرالي في العراق (دراسة دستورية مقارنة)، رسالة ماجستير (غير منشورة)، قسم القانون العام- كلية الحقوق - جامعة النهرين، ٢٠٠٧، ص٧٠.

هەرێمەکان لە ئەنجوومەنی دووەمدا یەکسان بێت، وەک (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) کە هەر ویلایەتێک (دوو) نوێنەری لە ئەنجومەنی پیراندا هەیە، کەچی لە ئەنجومەنی نوێنەراندا ژماری نوێنەری ویلایەتەکان زۆر جیاوازن بەشێوەیەک هەندێک ویلایەتی گەورە (وەک: کالیفۆرنیا) زیاتر لە (پەنجا) نوێنەری هەیە بەڵام هەندێک ویلایەتی گەورە (وەک: وایۆمینگ) تەنها (یەک) نوێنەری هەیە. ئەم ڕێکخستنەی ئەنجومەنی یاساداناانی دووەم وا دەکات هەرێمەکان بەشێوەیەکی کارا بیروڕاکانیان بخەنەڕوو، بەتایبەت لەو حاڵەتانەی کە لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە و مەسەلە ئابورییەکاندا جیاوازی و ناکۆکی لەنێوانیاندا پەیدادەبێت[١٦].

وێڕای ئەوە، لە زۆربەی وڵاتە فیدراڵییەکاندا بنەمای گشتی ئەوەیە کە هەردوو ئەنجومەنەکەی پەرلەمانی فیدراڵی لە دەسەڵاتدا یەکسان بن بەتایبەتی لە ئەرکی یاسادانادا، (وەک لە: ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، سویسرا، کەنەدا، ئوسترالیا، مەکسیك، ئەرجەنتین، بەرازیل، هندستان، پاکستان، بۆسنەوهەرسك، ونەیجیریا)، ئەمەش دەسەڵاتی بەکارهێنانی مافی ڤیتۆی ڕەها لەکاتی دانانی هەموو یاساکاندا بۆ ئەنجومی دووەم مسۆگەر دەکات، بەڵام لە هەندێک وڵاتدا (وەک: ئەڵمانیا) بەکارهێنانی مافی ڤیتۆی ڕەها لەلایەن ئەنجومی دووەم تەنها بۆ ئەو یاسایانە دەبێت کە دەکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتە هاوبەشەکانی ویلایەتەکان وحکومەتی فیدراڵی یان ئەو یاسایانەی کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر ویلایەتەکان هەیە[١٧]. جگە لەمەش، بەشێک لە وڵاتان لە هەندێک بواردا دەسەڵاتی زیاتریان بە ئەنجومەنی دووەم داوە، (وەک: ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، ئەرجەنتین، بەرازیل) لەگەڵ ئەوەی هەردوو ئەنجومەنەکە لە کاری یاسادانانادا یەکسانن، بەڵام ئەنجومەنی دووەم خاوەنی هەندێک تایبەتکاری گرنگە، وەک لەبواری پەسەندکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها لەبواری دامەزراندنی گەورە فەرمانبەران و دادوەرانی دادگای باڵا و نوێنەرانی دبلۆماسی، کە زۆربەیان لەلایەن سەرۆکی دەوڵەتەوە دادەنرێن بەڵام پێویستی بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی دووەم هەیە[١٨].

وێڕای ئەم پێکهاتە ودەسەڵاتانەی ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان، بەڵام مەرج نییە بەم میکانیزمە بتوانرێت دەنگ ورۆڵی سەرجەم یەکە وگروپ وپێکهاتەکان هاوسەنگ بکرێت، ئەمەش بۆخۆی دەشێت دەرگا بۆ دروستبوونی ناکۆکیتر بکاتەوە.

**٤- بوونی چەند دەزگایەک بۆ یەکاڵاکردنەوەی ناکۆکییەکان لەنێوان حکومەتەکان:**

پێکهاتەی دەوڵەتی فیدراڵی بە بوونی دوو ئاست لە حکومەت و دابەشکردنی دەسەڵات و تایبەتکارییەکان لەنێوان ئەم ئاستانەدا وادەخوازێت کە دامەزراوەیەك یان چەند دەزگایەکی دەستوری بێلایەن هەبێت، ئەرکی لێکدانەوەی دەستورو چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییە دەستورییانە بێت کە لەنێوان (حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی یەکە پێکهێنەرەکان)، یان لەنێوان (یەکە

(١٦) محمد عمر مولود، مصدر سابق، ص٢٨٢ .
(١٧) عابد خالد رسول، مصدر سابق، ص٣١١-٣١٢.
(١٨) گۆران ئازادحە مە د، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨ .

پێکهێنەرەکان)دا ڕوودەدەن، بێگومان شیاوترین دامەزراوەش بۆ لەئەستۆگرتنی ئەم ئەرکە دەشێت لەناو دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵیدا بێت[١٩] کە زۆربەی کات بە (دادگای فیدراڵی)* دەسپێردرێت. هەرچەندە لەهەندێک دەوڵەتی فیدراڵیدا دەشێت پێش پەنابردن بۆ دادگا لەڕێگای چەند دەزگایەکیترەوە هەوڵ بۆ هێورکردنەی ناکۆکییەکان بدرێت، بۆنمونە لەڕێگای (ئەنجوومەنی دووەمی پەرلەمانی فیدالی)یەوە، یان لەڕێگای (ئەنجامدانی ڕیفراندۆم)ەوە.

**٥- بوونی چەند ئامراز و دەزگایەك بۆ ڕاییکردنی پەیوەندی نێوان حکومەتەکان:**

ئەمەش تایبەتمەندییەکی بەرچاوی دەوڵەتی فیدراڵیە کە هاوتەریبە لەگەڵ یەکێک لە خواستەکانی سەردەمی هاوچەرخ و گلۆباڵیزەیشن کە پێداگری لەسەر زۆرترین پشت بەیەکبەستن (الإعتماد المتبادل) لەنێوان دەوڵەتان دەکات[٢٠]، بەتایبەتیش کە لە دەستوری زۆربەی دەوڵەتە فیدراڵییە تازەکاندا جۆرێک لە مەیل هەیە بۆ فراوانکردنی سنوری دەسەڵاتە هاوبەشەکان لە نێوان هەردوو ئاستەکەی حکومەت (فیدراڵی و هەرێمەکان)[٢١]، بۆئەمەش وێڕای دەزگاو ڕێکارە تەقلیدییەکان (وەك: ئەنجومەنی دووەمی پەرلەمانی فیدراڵی) لە ئیستادا دەشێت چەند ڕێکارو دەزگایەکی تازەش بۆ ڕایکردنی پەیوەندی نێوان حکومەتەکان لە چوارچێوەی دەسەڵاتە هاوبەشەکاندا هەبن، وەك دەزگا سەربەخۆکان و لیژنە وەزارییە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەکان.

کەواتە، وەک دەبینین هەندێک لەو تایبەتمەندییانەی دەوڵەتی فیدراڵی کە ئاماژەیان بۆکرا خۆیان سەرچاوەن بۆ بەشێک لەو ناکۆکی وململانێیانەی کە لە نێوان ئاستە جیاجیاکان لە حکومەت لەم جۆرە دەوڵەتەدا ڕوودەدەن، هاوکات هەندێکتر لەو تایبەتمەندییانە میکانیزمی جیاجیا فەراهەم دەکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکی وململانێیانە، لە تەوەرەکانیتری ئەم توێژینەوەیەدا باسی زیاتر سەبارەت بەو میکانیزمانە دەخەینەڕوو.

لە کۆتایی ئەم خواستەدا ئەوەی ماوەتەوە بیڵێین ئەوەیە، کە ئەم تایبەتمەندییانە بە بڕو ئاستی جیاجیا لە وڵاتە فیدراڵیەکاندا هەن، بۆیە ئاستی دەرکەوتنی هەریەک لەم تایبەتمەندیانە لەهەر دەوڵەتێکدا ڕادەیکی زۆر ڕەنگدانەوەی هەندەسەی کۆمەڵایەتی و شێوازی کەلتور و داب ونەریتی باو وئاستی گەشەسەندنی ئابووری و ڕادەی سەربەخۆیی سیاسی خوازراوە لەهەر ئاستێکی

---

(١٩) أحمد على احمد، التنظيم الادارى فى الدول الاتحادية، منشورات الحلبى الحقوقية، بيروت، ٢٠١٨، ص٩٦ .

* ئەم دادگایە لە (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کەنەدا، هیندستان) پێی دەوترێت (دادگای باڵا)، لە (سویسرا ناونراوە (دادگای فیدراڵی)، لە (ئەڵمانیا) بە (دادگای دەستوری فیدراڵی) ناودەبرێت، لە (ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو، عێراق) پێی دەوترێت (دادگای باڵای فیدراڵی). بڕوانە: محمد هماوندي، الفيدرالية والحكم الذاتي، مطبعة وزارة التربية، اربیل، ٢٠٠١، ل ١٩٦.

(٢٠) رونالد ل. واتس، الانظمة الفدرالية، ترجمة: غالي برهومة ومها بسطامي ومها تكلا، طبعة خاصة، منتدى الاتحادات الفيدرالية، اوتاوا، ٢٠٠٦، ص ص ٥-٨.

(٢١) جورج اندرسون، مقدمة عن الفدرالية: ماهي الفدرالية؟ وكيف تنجح حول العالم؟، ترجمة: مها تكلا، ط ١، منتدى الاتحادات الفيدرالية، كندا، ٢٠٠٧، ، ص ص ١٩- ٢٠.

حکومەتەکاندا، بۆیە سروشتی ئەو ناکۆکیانەی کە لە هەر دەوڵەتێکی فیدراڵیدا ڕوو دەدەن، لەگەڵ جۆر و چۆنێتی بەکارهێنانی ئەو میکانیزمانەی کە بۆ چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکۆانە دەگیرێنەبەر، تاڕادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی ژینگەی کۆمەڵایەتی وکەلتوری وئابوری و سیاسی ئەو دەوڵەتە فیدراڵییەی لەسەرە، بۆیە دەشێت هەر دەولەتێکی فیدراڵی ناکۆکی تایبەت بەخۆیی و میکانیزمی چارەرسەرکردنی تایبەت بەخۆشی هەبێت، بەڵام ئەوەی ئێمە لەم توێژینەیەدا دەخوازین زیاتر بیخەینەڕوو ئەو ناکۆکی و میکانیزمانی چارەرسەرکردنە کە لەزۆربەی وڵاتانی فیدراڵیدا باون.

**خواستی دووەم: سروشتی ناکۆکییەکان لەدەوڵەتی فیدراڵیدا**

پیادەکردنی سیستەمی فیدراڵی ودامەزراندنی یەکەم دەوڵەتی فیدراڵی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٧٨٧دا وئەو سەرکەوتنەش کە دواتر بەدەستی هێنا لەچەندین وڵاتیردا وەک سویسرا ١٨٤٨، کەنەدا ١٨٦٧، ئەڵمانیا ١٨٧١، و ئوستراليا ١٩٠١، وایکرد کە زۆرێك لە وڵاتانی تازەدروستبوو سەرنجیان بچێتە سەر ئەم سیستەمەو هەوڵ بۆ پەیڕەوکردنی بدەن، بەتایبەتی لەسەدەی بیستەمدا، دیارە ئەمەش بەهۆی ئەو سوودو دەسکەوتانەوە بوو کە ئەم سیستەمە بەدەستی هێنابوو لەبەڕێوەبردنی کۆمەڵگا فرییەکان و دابینکردنی ماف و پێکەوە ژیانی پێکهاتە جۆراوجۆرو جیاوازەکان لە چوارچێوەی یەك دەوڵەتی فیدراڵیدا، وێڕای سوودی ئەم سیستەمە بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە ژمارەی دانیشتوانیان زۆرە یان ڕووبەری جوگرافییان فراوانە.

بەڵام ئەمە بەو واتایە نایە کە سیستەمی فیدراڵی وەك دیاردە سیاسیەکانی تر تووشی گرفت و کێشە نابێت، بۆیە سەربارى ئەزموونە سەرکەوتووەکانی فیدراڵیزم چەند ئەزمونێك هەن سەرکەوتوو نەبوون وشکستیانهێناوە ونەیتوانیوە بەردەوام بن، دیارە ئەمەش بەهۆی بێتوانایی لە زاڵبوون بەسەر ئەو ناکۆکی وکێشە وگرفتانەوەبووە کە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی فیدراڵیزمەوە سەریانهەڵداوە وهەڕەشە ومەترسیيان لەسەر سەقامگیری ومانەوەی دەوڵەتە فیدراڵییەکە دروستکردووە[٢٢].

ناکۆکی و ململانێ لە دەوڵەتی فیدراڵیدا، بەو پێیەی کە دەوڵەتێکە کۆکەرەوەی یەکە و بیروبۆچوونە جیاوازەکانی کۆمەڵگایەکە، گوزارشتە لە یەکێك لە دیاردە باوەکان لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا، دیارە ئەم ململانێ و ناکۆکیانەش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی ترو لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێن و لەڕووی هۆکارەکانی سەرهەڵدانیان و پلەو ئاستی ناکۆکیەکان جیاوازییان هەیە. سەبارەت بە پێناسەی ناکۆکی دیارە پێناسەیەکی وردو دیاریکراو بەدی ناکرێت، بۆیە لە نێوان پسپۆڕان وا ناسراوە کە دیاردەیەکی گشتیەو لە ئەنجامی نەگونجانی لایەن و گروپە جیاوازەکان دروست دەبێت کاتێك هەریەکێك لەو لایەن و گروپانە دەیەوێ لەسەر حیسابی گروپ و لایەنەکانی تر بە ئامانجەکانی بگات. بەڕای (لویس کریسبێرگ) ناکۆکیەکان لەسەر بەها و داواکاری و پێگە و هێز و سەرچاوەی دەگمەن و دیاریکراو دروست دەبن، دیارە لێرەدا ئامانجەکە تەنها بەدەستهێنانی ئەمانە نییە بەڵکو دەشێت زیان پێگەیاندن و کۆتایهێنان بە لایەنە ڕکابەرەکانیش

(٢٢) شورش حسن عمر، خصائص النظام الفدرالي: دراسة تحليلية مقارنة، مركز العربي، القاهرة، ٢٠١٦، ص ٥٣.

بێت(٢٣). هەروەها (فریدرك كلاسل) دەڵێت: "ناكۆكیەكان قوڵبوونەوەی كێشەكانە تا دەگاتە ئاستی توندوتیژی، ئەمەش لە ئەنجامی شكستی دوو گروپ یان زیاترە لە گەیشتنیان بە ئاستێكی دیاریكراو لە ئامانج و بەرژەوەندییە تایبەتییەكانیان"(٢٤).

بەڵام پێویستە بپرسین كە: لە دەوڵەتی فیدراڵیدا ناكۆكیەكان لەسەر چی؟ و بۆچی ڕوودەدەن؟ لێرەدا هەوڵ دەدەین لەم دوو لقەی خوارەوە وڵام بۆ ئەم دوو پرسیارە گەڵاڵە بكەین:

**لقی یەكەم: تەوەرەكانی جێی ناكۆكی لە دەوڵەتی فیدراڵیدا**

بەگشتی بابەتانەی كە دەبنە جێی ناكۆكی لە دەوڵەتی فیدراڵیدا خۆی دەبینێتەوە لەچەند تەوەرێكدا، كە بریتین لە:

١- **ئارەزوی زیادكردنی دەسەڵات:** كە خۆی دەبینێتەوە لە مەیلی ناوەندیی بوونی زیاتر لای حكومەتی فیدراڵی بەرامبەری خواستی سەربەخۆیی زیاتر و ناناوەندیی بوونی زۆرتر لای پێكهاتە و یەكە پێكهێنەرەكان، ئەم یەكێكە لە تەورە هەرە سەرەكییەكانی جێی ناكۆكی، كاتێك دەزانین كە كرۆكی دەوڵەتی فیدراڵی بریتی یە لە دابەشكردنی دەسەڵاتەكان لە نێوان هەردوو ئاستەكەی حكومەت. بەزۆریش سیستەمی فیدراڵی بەستراوەتەوە بە ئاستێكی زۆر لە بەخشینی دەسەڵات و سەربەخۆیی و خۆبەڕێوەبەری بە یەكە پێكهێنەرەكان بەشێوەیەک كە ناتوانرێت زۆرێک لە كاروباری ناوخۆیی ئەو یەكانە لەلایەن دامەزراوە ناوەندییەكانەوە ڕاییی بكرێن، جا لە ئەگەری بوونی مەیلی زیادكردنی كۆنترۆڵ لە ئاستی ناوەندییەوە بۆ دەسەڵات و تایبەتكارییەكانی یەكە فیدراڵییەكان ئەوا دروستبوونی ناكۆكی لەسەر سنوور و چۆنێتی و بڕی ئەم مەیلی كۆنترۆڵكردنە شتێكی چاوەڕوانكراوە لەنێوان ناوەند و یەكە فیدراڵییەكان(٢٥). بەپێچەوانەشەوە دەشێت زیادبوونی خواستی یەكە پێكهێنەرەكان لەسەر دەسەڵات و سەربەخۆییی زیاتر ببێتە تەوەری ململانێ لەگەڵ حكومەتی ناوەندی، كەڕەنگە هەندێک جار بەبەكارهێنانی توندوتیژی لەلایەن ناوەند یان جیابوونەوە لەلایەن یەكەیەک كۆتایی بێت.

٢- **دابەشكردنی داهات و سەرچاوە داراییەكان:** لە دەوڵەتی فیدراڵیدا ناكۆكییەكان لەسەر داهات زۆربەی جار لە لەوەوە سەرچاوە دەگرن كە حكومەتی ناوەندی بەشێكی زۆر لە دەسەڵاتە داراییەكان، هەر لە كۆكردنەوەی باج و داهاتەكانەوە تا خەرجییەكان لەلای خۆی بهێڵێتەوە و قۆرخیان بكات، بەمەش حكومەتە لۆكاڵییەكان ناتوانن پێداویستیە ناوچەییەكانیان دابین بكەن و

---

(23) Louis Kriesberg, Constructive Conflicts: From Escalation to Resolution, Rowman & Littlefield Publishers, 2007, Third Edition, New York, 2007, p.2.

(٢٤) نقلا عن: أمجد علی حسین، النظام الفدرالی كحل للنزاعات فی المجتمعات التعددية العراق نموذجا، رسالة ماجستير (غير منشورة)، جامعة دهوك، كلية القانون والسياسية، قسم القانون، ٢٠١٠، ص٣١.

(٢٥) موقع وساطة السلام، الفدرالية، تاريخ زيارة ٢٠٢١/١/٢٥ على الرابط الاتى:
https://css.ethz.ch/content/dam/ethz/special-interest/gess/cis/center-for-securities-studies/pdfs/PME_Federalism_Arabic-Version.pdf

سەرچاوەکانی داهاتیان کارا بکەن، لە دەرئەنجامی ئەم دۆخەشدا، بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی دارایی پێویست لەلای یەکە پێکهێنەرەکان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە دەستووریانەی بەرامبەر بەدانیشتوانیان لەئەستۆیان نراوە، دەشێت بکەونە ململانێ و ناکۆکی بەرامبەر حکومەتی فیدراڵی، کە بەمەش وڵات دەکەوێتە بەردەم مەترسی ناسەقامگیری(٣٦).

**٣- دارِشتنی شوناسی دەوڵەت:** ئەوە ڕوونە کە پەنابردن بۆ دەوڵەتی فیدراڵیی جێبەجێکردنی بنەماکانی یەکێکە لە میکانیزمەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا فرەییەکان کە تاکەکانیان بەسەر گرووپی ئیتنی و نەتەوەیی و کلتوری و زمانەوانی و ڕەگەزی و ئاینی هەمەچەشندا دابەش بوون. گەر دەوڵەتێکی فیدراڵی بتوانێت گونجان و پێکەوەیی لەنێوان ئەم جیاوازیانەدا دروست بکات و لەسایەیدا گروپەکان بتوانن پارێزگای لە ناسنامە و بوونی خۆیان بکەن، بەشێوەیەک کە زۆربەی گرووپەکان یەکەی دەستوری تایبەت بەخۆیان هەبێت، یان لانی کەم مافە کەلتورییەکانی زۆربەی ئەو گرووپانە زامن و پارێزراو بن، ئەوا ئەو کاتە زۆربەی گرووپەکان وا هەست دەکەن کە شوناسی تایبەتیان لە شوناسی گشتی زۆربەی دامەزراوە فیدراڵی و هێما نیشتمانییەکاندا ڕەنگدانەوەی هەیە. بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر دەوڵەتێکی فیدراڵی لە فەراهەمکردنی ئەو هەلومەرجانەدا سەرکەوتوو نەبوو، ناشتوانێت ناسنامە وشوناسێکی هاوبەش بۆ دەوڵەتە فیدراڵییەکە دابڕێژێت، ئەوساش ڕووبەڕووی ناکۆکی وململانێی شوناسی ئیتنی و نەتەوەیی دەبێتەوە(٢٧).

کەواتە هەریەک لە (دەسەڵات و داهات و شوناس) تەوەرە سەرەکییەکانی ئەو ناکۆکیانەن کە دەشێت لە دەوڵەتی فیدراڵیدا ڕووبدەن، بەڵام مەرج نییە هەر تەنها ئەم بابەت و بەهایانە جێی ناکۆکی بن، بەڵکو لە هەندێک وڵاتدا ڕەنگە بابەتیتر جێی ناکۆکی بن وەک (بەڕێوەبردنی ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو)، یان (چۆنێتی بەشدارییپێکردنی یەکە و پێکهاتەکان لە دروستکردنی بڕیارە فیدراڵییەکاندا)، یان (دابینکردنی مافی کەمینەکان لە هەرێمەکاندا). دروستبوونی ناکۆکیش لەسەر هەریەک لەم بابەتانە، وەک پێشتر ووتمان، پەیوەستە بە ژینگەی کۆمەڵایەتی وکەلتوری وئابوری وسیاسی هەر دەوڵەتێکی فیدراڵییەوە.

**لقی دووەم: هۆکارەکانی دروستبوونی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا**

هۆکارەکانی دروستبونی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا زۆرن گرنگترینیان بریتین لە:

**١- لاوازی دیموکراسی و ئارەزووی دەسەڵاتی تاکلایەنە:** دەوڵەتی فیدراڵی ناتوانێت سەرکەوتووبێت ئەگەر سیستەمی حکومڕانی لەسەر بنەمای دیموکراسییەکی ڕاستەقینە نەبێ، جا چ

(٣٦) ئازاد وەڵەدبەگی، فیدڕاڵیزمی دارایی لە دەوڵەتە فیدڕاڵیەکان؛ عێراق وەك نموونە، بەرواری سەردان:٢٠٢١/١/١١ وەرگیراو لەم پێگەیەی خوارەوە:

http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/357-2018-09-02-18-56-38?

(27) G. Alan Tarr, Federalism and Identity: Reflections on the American Experience, Dans L'Europe en Formation, 2013, date of visited: 20/5/2021, at this site:

https://www.cairn.info/revue-l-europe-en-formation-2013-3-page-20.htm

لەڕووی بوونی چوارچێوەیەکی دەستوری گونجاو بێت یان لەڕووی جێبەجێکردنی ئەو چوارچێوەیە بێت لە ئاستی پراکتیکدا، ئەزموونی گەلێک لە دەوڵەتە فیدراڵییەکان (وەک: ئەرجەنتین وبەرازیل ومەکسیک وباشوری ئەفریقیا ونێجیریا ومالیزیا وپاکستان) گەواهیدەری ئەوەن کە هەرکاتێک دامەزراوە دیموکراسییەکان لاوازبووبن ئەوا وڵاتیش ڕوبەڕووی ناکۆکی و پارچەپارچەبوون وجیابوونەوە بۆتەوە، لەبەرامبەردا هەرکاتێک میکانیزمە دیموکراسییەکان بۆ کێبڕکێکردنی سیاسی بەردەستبووبن، بەتایبەتی لەسەر ئاستی فیدراڵی، ئەوا دەوڵەتەکەش لە قوڵبوونەوەی ناکۆکییەکان و هەڵوەشانەوە پارێزراوبووە(٢٨).

نەبوونی دیموکراسی گەلێکجار سەردەکێشێت بۆ جوڵانی خواستی ناوەند بۆ زیادکردنی دەسەڵاتی لەسەر حیسابی هەرێمەکان، ئەمەش پاڵ بە هەرێمەکانەوە دەنێت بیر لەخەباتی چەکداری دژی ناوەند و جیابوونەوە بکەنەوە(٢٩). لەبەرامبەریشدا، نەبوونی دیموکراسی لەسەر ئاستی هەموو یان هەندێک لە هەرێمەکان بوار بە سەرکردە ناوچەییەکان دەدات بنەماکانی دەستوری فیدراڵی پێشێل بکەن یان زیادەڕووی بۆ سەر دەسەڵاتە تەرخانکراوەکانی ناوەند بکەن، بەمەش ململانێ و ناکۆکی لەنێوان هەردوو ئاستەکەی حکومەت هەڵدەگیرێست، کە ڕەنگە زۆرجار ناوەند پەنا بۆ بەکارهێنانی هێز ببات تا ئارەزووی تاکڕەوی ئەو هەرێمانە یان سەرکردەکانیان ڕکێفبکات. لەهەردوو بارەکەشدا دەشێت دەوڵەتە فیدراڵییەکە یان ببێتە دەوڵەتێکی یەکگرتوو یاخود هەڵبووەشێتەوە.

کەواتە فیدراڵیزم بەتوندی بە دیموکراسیەوە بەستراوەتەوە، چونکە ئەگەر دیموکراسی بە واتای پەسەندکردنی ڕای زۆرینەبێت، لە هەمانکاتدا جەخت لەسەر ڕێزگرتن لەڕای کەمینەو ئەوانی تریش دەکاتەوە، ڕەهەندێکی گرنگی ئەمەش بریتییە لە قبوڵکردنی هەموان و چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان لەنێوان ئاستەکانی حوکم و لەنێوان گروپە جیاوازەکانیشدا بە میکانیزمی ئاشتییانە، بەڵام نەبوونی دیموکراسی هەل بۆ لایەنە ناکۆکان دەڕەخسێنێت کە پەنا بۆ بەکارهێنانی توندووتیژی ببەن.

٢- **گرفتی دەوڵەتی فیدراڵی پێکهاتوو لە دوو یان سێ هەرێم:** ئاشکرایە ژمارەی ئەو یەکانەی کە دەوڵەتی فیدراڵی پێکدەهێنن کاریگەریی گرنگی لەسەرکەوتن یان شکستی دەوڵەتی فیدراڵی هەیە، بە جۆرێك هەر دەوڵەتێکی فیدراڵی کە لە ژمارەیەکی زۆری یەکەی سیاسی پێکهاتبێت ئەوا باشتر وکاراتر دەتوانێ بەردەوامی بەبوونی بدات، وەك لە نموونەکانی (ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا وسویسرا وئەڵمانیا)دا دەردەکەوێ، بە پێچەوانەشەوە ئەو دەوڵەتە فیدراڵیانەی لە ژماریەکی کەم یەکە پێکهاتوون، وەك دوو یان سێ یەکە، بە گشتی دووچاری چەندەها گرفت دەبن و زۆربەی کاتیش بە زەحمەت سەرکەوتوو دەبن. وەک لە ئەزموونی دەوڵەتی پاکستاندا دەردەکەوێت، کە سەرەتا تەنها لە دوو یەکە پێکهاتبوو، ساڵی ١٩٧١ پاکستانی ڕۆژهەڵاتی لێ جیابووەو دەوڵەتی بەنگلادیشی لێ دروست بوو، هەروەها وەك ئەزموونی دەوڵەتی چیکۆسلۆڤاکیا، کە ئەمیش تەنها لە

(٢٨) عبدالجبار احمد، الفدرالية واللامركزية فى العراق، مؤسسة فريدريش إيبرت - مكتب الأردن والعراق، بغداد، تشرين الثاني ٢٠١٣، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/١/١٠، على الرابط الاتي:
https://library.fes.de/pdf-files/bueros/amman/10420.pdf?fbclid

(٢٩) لطيف مصطفى أمين، الفيدرالية وأفاق نجاحها فى العراق، سردم للطباعة والنشر، ٢٠٠٦، ص ص ٧٦-٧٧.

دوو یەکە پێکهاتبوو، ساڵی ١٩٩٢ لەبەریەك هەڵوەشایەوە[٣٠].

لێکەوتەیەکی گرنگی ئەو دەوڵەتە فیدراڵیانەی، کە لە دوو یان سێ یەکە پێکهاتوون بریتییە لە کەوتنەوەی ناکۆکی لەنێوان ناوند و ئەو یەکانە، کە بەهۆی کەمی ژماریان ناتوانن پارسەنگی فشارەکان ناوەند بۆ زیادکردنی دەسەڵاتی بکەن، ئەمەش وا لە یەکە پێکهێنەرەکان دەکات داوای یەکسانی لە هەموو بوارەکاندا بکەن و لەسەر ئەم خواستەش سووربن، بەڕادەیەك کە هەندێ جار ئەم سوربوونە ببێتە هۆی داشکانیان بەلای بێباکی و کەمتەرخەمیدا، ئەویش لەبەر ئەگەری بوونی چەردەیەك مافی ڤیتۆ لەلای یەکە پێکهێنەرەکان، کە ئەمەش بەبێ هیچ گومانێك مەسەلەکە دەگەیەنێتە ڕادەی توندکردنی ناکۆکییەکان یان پەککەوتن وچەقینی دەوڵەتەکە[٣١].

هەروەها دەشێ جیاوازی بەرچاوی ژمارەی دانیشتوان لە نێوان یەکە پێکهێنەرەکان کاریگەریی زۆری لەسەر چارەنووسی ئەو دەوڵەتە فیدراڵیانە هەبێت، چونکە کەمی چڕی دانیشتوان لەیەکێ لە یەکەکانی ئەو یەکێتیە فیدراڵییەی کە لە دوو یەکە پێکدێت، بە بەردەوامی وا لەو یەکەیە دەکات هەست بەوە بکات کە دەبێ پێداگری لەسەر چەسپاندنی بنەمای یەکسانی بکاتەوە تاکو بتوانێ ڕۆڵی هەبێ لە دارشتنی سیاسەتە فیدراڵیەکاندا، لەبەرامبەریشدا یەکە گەورەکە هەمیشە لەو کۆت و بەندانە بێزار دەبێ کە بەسەریدا سەپاون بۆ ڕازیکردنی یەکە بچووکەکە[٣٢]. وەک لە نمونەی وڵاتانی (مالیزیا وپاکستان)دا ڕوویدا، یان ئێستا لە نمونەی (بەلجیکا وعیراق)دا هەیە.

٣- **ناهاوسەنگییە ئابوریی وداراییەکان و بەڕێوەبردنی سامانە سروشتییەکان:** وەک چۆن دەوڵەتە فیدراڵیەکان لە بابەتە ئابوری داراییەکاندا زۆر لەگەڵ یەکتریدا جیاوازن، هەرواش دەشێت توانا ئابوری وداراییەکان لەناوخۆی یەک دەوڵەتی فیدراڵیدا، لەنێوان ناوەند و هەرێمەکاندا، هەروەها لەنێوان ڕێمەکاندا جیاوازی زۆر هەیە، بۆیە بابەتی چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵاتە داراییەکان بەسەر بوارە جیاوازەکاندا، وشێوەی ڕێکخستنی کاروبارە ئابوورییەکان، ومەسەلەی ڕادەی دەسەڵاتی گونجاو بۆ کۆکردنەوی داهات وتەرخانکردنی خەرجی پێوست بۆ هەر ئاستێکی حوکمڕانی لەهەردەوڵەتێکی فیدراڵیدا مەسەلەیەکی هەستیار وجێگای مشتومرە، کە هەنک جار سەردەکێشێت بۆ خولقاندنی ناکۆکی لەنێوان ئاستەکانی حکومەت، بەتایبەت لەحاڵەتێکدا کە گەشەی ئابووری وڵات لاوازبێت و حکومەتی فیدراڵی ناچاربێت پلانی ئابووری گشتگیر ودرێژخایەن بەسەر یەکە پێکهێنەرەکاندا بسەپێنێت، یاخود لەحاڵەتێکدا کە ناهاوسەنگییە زۆر لەنێوان توانای ئابوریی یەکە پێکهێنەراکاندا هەبێت، هەندێکیان زۆر دەوڵەمەندبن و هەندێکیشیان زۆر هەژار، ئەمەش دووبارە حکومەتی ناوەندی ناچاردەکات سیاسەتی دووبارە دابەشکردنەوەی داهاتەکان لەنێوان یەکەکاندا بگرێتەبەر[٣٣]، لە هەموو حاڵەتەکانیشدا ئەشێت هەندێک یان زۆرێک لە یەکەکان بە ئاسانی هاوکاری

(٣٠) شورش حسن عمر، گیروگرفتی دەوڵەتی فیدراڵی پێکهاتوو لە دوو یان سێ هەرێم، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٣، ل ل ٥-٦.

(٣١) رونالد ل. واتس، مصدر سابق، ص١٤٢ .

(٣٢) شورش حسن عمر، گیروگرفتی دەوڵەتی فیدراڵی پێکهاتووە لە دوو یان سێ هەرێم، سەرچاوەی پێشوو، ل٧-٨ .

(٣٣) جورج اندرسون، مصدرسابق، ص ص ٣٢-٣٥ .

ئەو پلان و سیاسەتانەی ناوند نەبن، کە دەرئەنجام ناکۆکی و ململانێ لەنیوانیاندا دەخولقێ.

هەروەها مەسەلەی بەڕێوەبردنی سامانە سروشتیەکان ودابەشکردن داهاتیان لە دەوڵەتە فیدراڵیەکاندا گرفتێکی تایبەت پێکدێنێ[٣٤]، بەتایبەت کە زۆربەی کات بوونی ئەم جۆرە سامانانە (وەک: نەوت، گاز، ئەڵماس، هەندێک کانزایتر) بە نارێکی دابەشبووە لەنێوان یەکە پێکهێنەرەکاندا، ئەمەش دبێتە هۆی ناکۆکی وبارگرژیی لە ناو دەوڵەتە فیدراڵییەکەدا، کە ڕەنگە حکومەتی ناوەندیی بانگەشەی خاوەندارێتی ئەو سەرچاوانەبکات، لەبەرامبەریشدا حکومەتەکانی ئەو یەکانەی کە ئەو سەرچاوانەی لێیە، خۆیان بە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو سەرچاوانەن بزانن، لەم کاتەشدا ناکۆکی دەخولقێت لەسەر ئەوەی کە کێ؟ چەندێک داهات لەو سامانانە کۆبکاتەوە؟ هەروەها چۆن داهاتی ئەو سەرچاوانە لەنێوان ئاستەکاندا دابەش بکرێت؟ هاوکات تا چەندە دابەشکردنی داهاتی ئەو سەرچاوانە کاریگەری لەسەر دابەشکردنی داهاتەکانیتر دەکات؟[٣٥]

کەواتە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ سامان و کاروبارە ئابووری وداریەکان لە هەندێک لە وڵاتە فیدراڵییەکاندا، هەمیشە چاوگەیەکی پڕمەترسییە بۆ ڕوودانی ناکۆکی، کە زۆرجار دەبێتە کۆسپێکی گەورە لەبەردەم گەشەکردنی ئەو وڵاتانەدا، بەتایبەت کە ئەم ناکۆکۆکیانە تەنها لەسەر ئاستی ئابوری وياسايي نامێننەوە، بەڵکو دەشێت ناکۆکی سیاسی گەورەشیان لێبکەوێتەوە.

**٤- وروژاندی جیاوازییە ئیتنی و نەتەوەییەکان بۆ مەرامی تایبەت:** بۆچی هەندێك وڵات سەرکەوتون لە ئاشتکردنەوەی ناسنامە جیاوازەکان، لە هەندێکی دیکەدا ئەم جیاوازیانە دەبێتە هۆی ناکۆکیەك کە ڕەنگە وڵات بەرەو هەڵوەشانەوە ببات، بۆچی ناسنامە جیاوازەکان بە ئاشتی پێکەوە دەژین و دواتر لەناکاو بەریەك دەکەون، لەم بارەیەوە زانایانی سیاسی لێکدانەوەی جیاوازو زۆر جاریش دژ بەیەکیان بۆ ئەم شێوازە ناکۆکیانە هەیە. هەڵبەت دەشێت ڕوودانی ئەم ململانێیانە پەوەست بێت بەوەوە کە هەندێک لە گروپە ئێتنیەکان تێبکۆشن بۆ بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی سیاسی یان ئابوری دیاریکراو لەسەر حیسابی گروپەکانیتر، یان هەر گروپێك هەوڵ بدات کە پێگەی خۆی بەهێز بکات لە دامەزراوە سیاسیەکانی دەوڵەت وحکومەتدا، یان گروپێکی نەتەوەیی لەکاتی گەڕانی بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لەگەڵ حکومەتی ناوەندی و هەندێک لە گروپەکانی تردا بەریەك بکەوێت، لە هەرموو حاڵەتەکانیشدا دەشێت توندوتیژی ببێتە میکانیزمێکی باو لەو ناکۆکیانەدا[٣٦]. ئەم جۆرە ناکۆکیانەش بەزۆری لەو دەوڵەتە دەستکردانەدا ڕوودەدەن کە بە ناسروشتی لەسایەی کۆلۆنیالیزمدا دروستکراون بەبێ ڕەچاوکردنی جیاوازییە ئیتنی و نەتەوەیی و کلتورییەکان، بەڵام مەترسیدارترین حاڵەت ئەوەیە کە هەندێک لە سیاسی و سەرکرەکان جیاوازییە ئیتنی و نەتەوەییەکان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات یان بەدیهینای دەستکەوت و مەرامی تایبەت بوروژێنن، بەتایبەت لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا یان لەکاتی ژربوونەوەی ململانێی نێوان لایەن و باڵا

(٣٤) شورش حسن عمر، خصائص نظام الفدرالي، مصدر سابق، ص٧٣ .

(٣٥) جورج اندرسون، مصدرسابق، ص ٢٩.

(٣٦) باتريك هـ اونيل، مبادئ علم السياسة المقارن، ت:باسل جبلی، مكتبة مؤمن فريش، سوريا، ٢٠١٢، ص ص ٨٩- ٩٠.

جیاوازەکانی ناو دەستەبژێری سیاسییدا[٣٧].

هاوڕا لەگەڵ (جۆرج ئەندرسۆن) کە دەڵێت: "... لە هەموو حاڵەتەکانی وەرچەرخان بەرەو فیدراڵیدا، سەرکردە سیاسییەکانن کە هەستاون بەرگی دەستورییان بەبەری دیاردەی دوو حکومەتیدا کردووە، ئەمەشیان وەک شێوازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان وسازاندن لەنێوانیان کردووە، هەروەها بۆ سنوردارکردنی توندوتیژی یان بنبڕکردنیشی لە هەندێک لە حاڵەتەکاندا[٣٨]. دەتوانین بڵێین کە، وەک چۆن سەرکردەکان ڕۆڵێکی گەورە لە پرۆسەی بەفیدراڵیکردنی وڵاتێکدا دەبینین، هەرواش دەتوانن کۆسپی گەورە لە بەردەم ئەم پرۆسەیەدا بخولقێنن، بەتایبەت کاتێک هەوڵ بدەن بۆ گەیشتن بە ئامانجە تایبەتییەکانیان جیاوازییە ئیتنی و نەتەوییەکان خراپ بەکاربهێنن و بەئاڕاستەی دروستکردنی ناکۆکی و ململانێی سیاسی جۆشیان بدەن، نمونەی ئەمەش بەئاشکرا لە عێراقدا دەبینین کە لەهێشتا لەقۆناغی بوون بەفیدراڵیدا گوزەردەکات[٣٩]. بۆیە لەو ڕوانگەیەوە کە فیدراڵیزم یەکێکە لە ئامرازەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا فرەیی وهەمەچەشنەکان، وشیاری نوخبەی سیاسی و چۆنێتی مامەڵەکردنی لەگەڵ جیاوازییە ئیتنی و نەتەوەییەکاندا ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە نانەوە یان بنبڕکردنی هەندێک لەو ناکۆکیانەی لە دەوڵەتە فیدراڵییەکاندا ڕوودەدەن.

کەواتە، لەکۆتاییی ئەم خواستەدا، بە تێڕوانین لە تەوەر و هۆکارەکانی ڕوودانی ناکۆکیەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا دەتوانین سەبارەت بە سروشتی ئەو ناکۆکییانە ئەم ت بخەینەڕوو:

١- دەشێت ناکۆکیەکان لەسەر چەند ئاستێك ڕووبدات، بۆ نموونە: لە نێوان حکومەتی ناوەندی و یەکە پێکهێنەرەکان، یان لەنێوان یەکە پێکهێنەرەکان خۆیان، یان لەنێوان گروپ و پێکهاتە ئیتنی و نەتەوەیی و ئاینی کلتورە جیاوازەکان، یان لەنێوان گروپێکی زۆرینە لەسەر ئاستی ناوەند و گروپی کەمینەکان لەسەرئاستی هەرێم و یەکە پێکهێنەرەکان.

٢- زۆربەی کات ناکۆکیەکان لەو جۆرانەن کە لە دەستوری فیدراڵیدا باس نەکراون، یان ئەگەر باسیشکرابن یەکلایی نەکراونەتەوە، یان میکانیزمی دەستوری پێویست بۆ یەکلاکردنەوەیان دانەنراوە.

٣- بەشێك لە ناکۆکیەکان ئەو کێشانەن، کە خودی سیستەمی فیدراڵی و بوون بە دەوڵەتی فیدراڵی، وەك میکانیزمێك بۆ چارەسەرکردنیان خراوەتەڕوو، بەڵام بەهۆی بوونی کەموکوڕی لە جێبەجێکردنی بنەما سەرەکیەکانی ئەم سیستەمە نەتوانراوە کێشەو ناکۆکیەکان بنبڕبکرێن، بەتایبەت ناکۆکییەکان لەسەر شوناس و ململانێ ئیتنی وکلتورییەکان وکێشەکانی بونیاتنانی ئاشتی دوای جەنگی ناوخۆیی درێژخایەن وناکۆکییەکان لەسەری دابەشکردنی داهات ودەسەڵات وسەرچاوە ستراتیژییەکان.

٤- بوونی ناکۆکی کێشەکان واتا کۆتایهاتنی دەوڵەتی فیدراڵی و لەبەریەکهەڵوەشانەوەی ناگەیەنێ، بەڵکو زۆربەی کات واتای ئەوەیە کە خودی فیدراڵیزم پرۆسەیەکی درێژخایەنە وبەچەندین قۆناغی یەك بەدوای یەك و ڕاگوزەردا تێدەپەڕێت، تا دەتوانێت لەکۆتاییدا میکانیزمێک یان چەند میکانیزمێکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی بەشێك لەو ناکۆکی وکێشانە دەدۆزێتەوە.

---

(٣٧) المصدر نفسه، ص ص ٩١-٩٢.

(٣٨) جورج اندرسون، مصدرسابق، ص ٢٩.

(٣٩) عبد الجبار احمد، مصدر سابق، ص ١٨.

## باسی دووەم:

## میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا:

بەگشتی، دەتوانین گرنگترین میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا پۆلێن بکەین بۆ دوو جۆر، کە یەکەمیان بریتییە لە: میکانیزمە هەمیشەییەکان یان ئاساییەکان، دووەمیشیان بریتییە لە میکانیزمە کاتییەکان یان نا ئاساییەکان، بەم شێوەیە:

### خواستی یەکەم: میکانیزمە هەمیشیەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا:

گرنگترین میکانیزمە هەمیشەییەکان بریتین لە (دەستوری فیدراڵی)و (ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان)و (دادگای فیدراڵی) کەهەر یەکەیان وەک سێ میکانزیمی ئاسایی وسەرەکی لە دەوڵەتە فیدراڵییە بەراوردییەکاندا بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان بەکاردەهێنرێن، بەم شێوەیە:

#### لقی یەکەم: دەستوری فیدراڵی و هەموارکردنی

بایەخی دەستور لە دەوڵەتە فیدراڵییەکان هەر لەوەوە سەرچاوەی نەگرتووە، کە کۆمەڵێك بنەما وڕێسایە بۆ ڕێکخستنی سیستەمی حوکمڕانیی دەوڵەت و زامنکردن ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتیانی[٤٠]، بەڵکو - وەک پێشتر ووتمان - لەوەشەوە سەرچاوەی گرتووە کە خودی دروستکردنی دەوڵەتی فیدراڵی کردەیەکی دەستورییە و بە بوونی دەستور بونیاد دەنرێت. بۆیە ئەو دەوڵەتانەی کە دەخوازن یەکێتییەکی فیدراڵی پێکبهێنن لە کەسایەتییەکی یاسای نێودەوڵەتیەوە دەگۆڕێن بۆ کەسایەتییەکی دەستوری و دەستور پێگەی تایبەتیان پێدەدات[٤١].

یەکێک لە گرنگترین بابەتەکانی ناو دەستوری فیدراڵیش بریتییە لە ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ وحکومەتەکانی یەکە پێکهێنەرەکان ودیاریکردنی دەسەڵات و تایبەتکارییەکانی هەریەک لەو دوو ئاستە لە حکومەتەکان. بۆیە دەشێت دەستور و بنەماکانی لەم بابەتەدا یەکەمین میکانیزم بێت کە بۆ چارسەرکردنی زۆربەی ناکۆکییانە لە دەوڵەتی فیدراڵیدا پەنای بۆ ببرێت، بەتایبەت ئەو ناکۆکیانەی کە لەسەر سنوور و دەسەڵات و بواری کارکردنی هەریەک لە حکومەتی فیدراڵی و حکومەتەکانی یەکە پێکهێنەرەکان دروستدەبن. بەمەش دەستوری فیدراڵی سنور وگەرەنتی دەستوری وسیاسی دادەنێت بۆ پاراستنی سەقامگیری سیستەمی فیدراڵی وسەرکەوتنی، بۆیە دەستوری فیدراڵی کاریگەرترین وباشترین میکانیزمە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەمەڕەنگی ودابەشکردنی ناهاوسەنگی دەسەڵات وتایبەتکارییەکانی نێوان ئاستەکانی حکومەت، بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی هەریەکێکیان وئاستی سەربەخۆییان وپیادەکردنی دەسەڵاتەکانیان لەسنوری خۆیان[٤٢].

---

(٤٠) حمید الساعدی، مبادئ القانون الدستوری و تطور النظام السیاسی فی العراق، دار الحکمە للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٩٠، ص١٠٥ .

(٤١) ئاریان محمدعلی، الدستور الفیدرالی، مرکز کردستان للدراسات الاستراتیجیة، السلیمانیة، ٢٠١٩، ص٢٢ .

(٤٢) عثمان علی ویسي، الطبیعة الدینامیکیة للدستور الفدرالي، أطروحة دکتورا (غیر منشورة)، جامعة صلاح الدین،

ئەم ڕۆڵە گرنگەی دەستوری فیدراڵیش وەک سەرەکیترین ئامراز بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە سروشتی دروستبوونی ئەم دەستورە خۆیە سەرچاوەی گرتووە، كە هەر لەبنچینەوە دەستوری فیدراڵی دوو هەستی ناكۆك بەیەك ئاشت دەكاتەوە، كە ئەوانیش سەربەخۆیی ویەكگرتنە، چونكە هەندێ جار بەشێك لە دەوڵەتە ئەندامەكان، كە لەناو یەك یەكێتی فیدراڵیدان، هەرچەندە یەكێتی وهەستی فیدراڵییان دەوێت، بەڵام یەكڕیزییان ناوێ، ئەمەش ڕەنگە سەربكێشێت بۆ چوونە دەرەوەیان لە یەكێتییە فیدراڵییەكە، لەبەرئەمە دەستوری فیدراڵی مامەڵە لەگەڵ بەرژەوەندی یەك بە یەكی دەوڵەتە ئەندامەكانی یەكێتییەكە دەكات و ڕێگرەدەبێت لەبەریەككەوتنی بەرژەوەندییە جیاواز وناكۆكەكان[٤٣]. كەواتە كاتێك باس دێتە سەر بەكارهێنانی دەستور وەک چارەسەر ئەمە بەواتای بەكارهێنانی میكانیزمە سیاسیەكانە بۆ سنورداركردنی دەسەڵات، چونكە دەستور دەسەڵات دابەش دەكات و ڕێگریش دەكات لە خراپ پیادەكردنی دەسەڵات لە دەوڵەتی فیدراڵیدا، بەو پێیەی ئەرك وڕۆڵە گرنگەكانی دەستوری فیدراڵی بریتییە لە دیاریكردنی دەسەڵات وتایبەتكارییەكانی هەریەك لە حكومەتی ناوەندی و حكومەتەكانی هەرێمەكان[٤٤].

هاوكات بیرۆكەی بەكارهێنانی فیدراڵیزم وەك ئامرازێك بۆ چارەسەری ناكۆكیە ئەتنی وئاینی ونەتەوەیی وزامانییەكان لە كۆمەڵگا فرەییەكاندا، كە بیرۆكەیەكی كۆنە وهێشتاش زۆر باوە، واتای ئەوەیە كە ڕەنگە هەر لەسەرەتاوە بەشێوەیەكی ئاشكرا وڕاشكاوانە دەستوری فیدراڵی لەسەر بنەمای ئەوەی كە خۆی میكانیزمە بۆ چارەسەری ئەو ناكۆكیانە دابڕێژرێت. ئەمە لەلایەک، لەلایەكیتر دەستور یەكێكە لە میكانیزمە كاریگەرەكانی چارەسەركردنی كێشەی كەمینەكان، ومافی كەمینەكان دەپارێزێت، ئەویش لەڕێگای ڕێگریكردن لەو هەوڵانەی كە ڕەنگە لەهەركاتێكدا لەسەر بنەمای حوكمی زۆرینە بۆ بێبەشكردنی كەمینەكان لە دەسەڵات ڕووبدەن، بۆیە دەستوری فیدراڵی لەڕێگای پەرتكردنی دەسەڵات وركێڤكردنی حوكمی زۆرینەوە وزامنكردنی مافی كەمینەكان دەتوانێت زۆر بەسوودبێت وەك میكانیزمیك بۆ ڕاگرتنی زۆرێک لە ناكۆكی وململانێ ئیتنییەكان، هاوكات ببێتە بەدیلیک بۆ پیادەكردنی مافی بڕیاردانی كەمینەكان لەسە چارەنوسیان وڕێگریش بێت لە جیابوونەوەیان[٤٥].

بۆئەوەی دەستوری فیدراڵی بتوانێت میكانیزمێكی كارای چارەسەری ناكۆكییەكان بێت، پێویستە دوو ڕەهەندی بنەڕەتی لە چەسپاندنیدا بەرجەستە بكرێت[٤٦]:

١- بەشداریكردنی سەرجەم ئەو دەوڵەت و یەكە و گروپانەی كە ئارەزووی یەكگرتن دەكەن لە پرۆسەی دانانی دەستورەكەدا، هەمووشیان ڕۆڵیان هەبێت لە هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە

---

اربیل، ٢٠١٣، ص٢٧ .

(٤٣) محمد رفعت عبدالوهاب، الانظمە السیاسیة، منشورات الحلبی الحقوقیة، ٢٠٠٥، ص٧٠ .

(44)Hanns Bühler, Susanne Luther and Michael Siegner (eds.), FEDERALISM AND CONFLICT MANAGEMENT, Hanns Seidel Foundation, Munich, 2017, p11.

(45) Ibid, pp 11-12.

(٤٦) منذر الشاوی، فی الدولة، المطبعە شفیق، بغداد، ١٩٦٥، ص٨٥ .

دەستورەوە.

٢- ئازادی سەرجەم ئەو دەوڵەت و یەکە و گروپانەی کە دەچنە یەکێتییە فیدراڵییەکەوە لە پەسەندکردنی دەستورەکەدا، ئەمەش لۆجیکێکی یاسایی لە پشتە بەوەی دەستور تەنیا بەسەر ئەوانەدا جێبەجێ دەبێت کە پەسەندیان کردووە.

مەرج نییە هەمیشە لە پرۆسەی دانانی دەستور وداڕشتنی دەقەکانیشیدا ئەم ڕەهەندانە ڕەچاو بکرێ، ئەوساش ڕەنگە خودی دەستورەکە وهەندێک لە دەقەکانی ببنە جێی ناکۆکی لە نێوان ئاستەکانی حکومەتدا یان لەنێوان گروپ وپێکهاتە جیاجیاکانی دەوڵەتەکە. بۆیە دەشێت هەموارکردنی دەستوری فیدراڵی بکرێتە میکانیزمێکی تر بۆ چارەسەرکردنی هەندێک لەو ناکۆکییانە بە بەشداری خودی گروپ ویەکە پێکهێنەرەکان[٤٧]. جگەلەمەش ڕێسا دەستورییەکان بۆ خۆیان بەگشتی ڕەنگدانەوەی بارودۆخی سیاسی وئابوری وکۆمەڵایەتی وکەلتوری کۆمەڵگای سیاسین لە قۆناغێکی دیاریکراودا، بۆیە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا بەرەو قۆناغی نوێ، پێویستە ڕێسا دەستورییەکانیش بگونجێنرێن لەگەڵ ئەو گەشەکردنە وگۆڕانکارییەکاندا، بەشێک لەمەش بە هەموارکردنی دەستور دەبێت، دەستوری فیدراڵیش وەك هەر دەستورێکی تری نووسراو دەکرێت وردەوردە لەڕێگەی ڕێکارە دیاریکراوەکانەوە هەمواربکرێت، ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەو ڕێکارانەی پەیوەستن بە هەموارکردنی دەستوری فیدراڵییەوە دەبێت ڕەنگدانەوەی سروشتی فیدراڵی خۆی بن، واتا بەویستی هەموو ئاستەکانی حکومەت هەمواربکرێت[٤٨].

بەڵام بۆئەوەی هەموارکردنی دەستوری فیدراڵی میکانیزمێکی کارابێت بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، دەبێت ڕۆڵ و بەشدای هەرێم و یەکەکان لە پرۆسەی هەموارکردنی دەستورەکەدا، چ لە قۆناغی پێشنیارکردنی هەموارەکاندا و چ لە قۆناغی پەسەندکردنیشیاندا پارێزراوبێت، ئەمەش لە ئەزموونی دەوڵەتانی فیدراڵیدا چەندین شێوازی وەرگرتووە بۆ نموونە لەڕێگەی ئەنجومەنی یاسادانانی هەرێمەکان، یان لەڕێگەی ڕێکخستنی کۆنفرانسی دەستوری لەهەرێمەکان بۆ ئەم مەبەستە، یان لەڕێگەی پرۆسەی دەنگدانی گشتی (ڕیفراندۆم) لەسەر پێشنیارەکە یان لەڕێگەی پەسەندکردنی هەموارکردنەکە لەلایەن ئەنجومەنی تایبەت بە نوێنەرایەتیکردنی هەرێمەکانەوە (ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان) لە پەرلەمانی ناوەندی[٤٩].

دەکرێ یەکێ لە گرنگترین هۆکارەکان کە وابکات پەنا ببرێت بۆ هەمواکردنەوەی دەستوری فیدراڵی دووبارە دابەشکردنەوەی دەسەڵاتەکان بێت، واتە گواستنەوەی هەندێك لە دەسەڵاتەکان لەناوەندەوە بۆ هەریمەکان، یاخود لە هەرێمەکانەوە بۆ ناوەند، بۆ نموونە لەڕێگەی هەموارکردنەوەی دەستورەوە لە سویسرا لە ساڵی ١٨٤٧ هەندێك لە دەسەڵاتەکانی کانتۆنەکان

---

(٤٧) وحيد على عبدي السليڤانى، تقاسم الثروات فى الدول الفيدرالية: منازعات و حلول "دراسة مقارنة"، رسالة ماجستير (غير منشورة)، سكول القانون - فاكلتي القانون والإدارة في جامعة دهوك، ٢٠١٣ ،ص١٤٥ .

(٤٨) خامۆش عمر عبدالله، دور القضاء الدستورى فى حمايه الحقوق و الحريان العامه، مجله القانون و السياسة، كليه القانون والسياسة، جامعة صلاح الدين، السنة العاشرة، العدد ١١، اربيل، ٢٠١٢، ص١٦٢ .

(٤٩) محمد كامل ليله، النظم السياسية (الدول والحكومات)، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٦٩، ص ١٤٦.

گواسترایەوە بۆ ئاستی فیدراڵی[٥٠]. هەروەها دەكرێت هەمواركردنی دەستوری فیدراڵی بۆ چارەسەركردنی ناكۆكییە دارییەكان بێت، بۆنمونە دەستوری ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا سەرەتا كە لە ساڵی ١٧٨٧ دانرا، لە بڕگەی هەشتەمی ماددەی (١)یدا ئاماژەی بۆئەوە كردبوو كە كۆنگرێس باج و قەرزو بەها ونرخی دراوی بیانی ڕێكدەخات وكێش و پێوانەكان دیاریی دەكات، بەمەش ئەو بڕگەیە دەسەڵاتەكانی حكومەتی فیدراڵی بەشێوەیەک فراوانكردبوو كە ببوە هۆی دروستبوونی ناهاوسەنگی دارایی و سەرهەڵدانی ناكۆكی لەنێوان ویلایەتەكان و حكومەتی فیدراڵی لەو بوارەدا، بەڵام لەدەیەمین هەمواری دەستورەكەدا كە ساڵی ١٧٩١ ئەنجامدرا دەسەڵاتەكانی حكومەتی فیدراڵی لەو بوارەدا دیاریكراو ویلایەتەكان و خەڵكیش دڵنیاكرانەوە كە حكومەتی فیدراڵی نایەوێت لەو بوارەدا بەسەر ویلایەتەكاندا زاڵ بێت[٥١].

**لقی دووەم: ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان (ئەنجومەنی هەرێمەكان)**

لەباسی یەكەمدا، ئاماژەمان بۆ ئەوەكرد كە ئەنجومەنی دووەم، لەپاڵ ڕەزمەندی حەتمی هەرێمەكان لە هەمواركردنی دەستوری فیدراڵیدا، ئامرزی سەركین بۆ بەشداریكردنی بەشێوەیەكی یەكسان یان تارادەیەک هاوسەنگ بێت سیاسەت وبڕیارە باڵاكانی دەوڵەتی فیدراڵیدا، هەروەها ئاماژەمان بۆ پێكهاتە ودەسەڵاتەكانی ئەم ئەنجومەنەش كرد، كە لەڕووی پێكهاتەوە دەشێت لەم ئەنجومەندا نوێنەرایەتی یەكە پێكهێنەرەكان، بەبێ ڕەچاوكردنی قەبارەی جوگرافی و ژمارەی دانیشتووانیان، بەشێوەیەكی وەها ڕێكبخرێت كە بواربدات بە هەرێمە بچووكەكان لەكاتی پرۆسەی دروستكردنی بڕیار وسیاسەتە فیدراڵییەكاندا دەنگ و قورساییەكی تا ڕادەیەک نزیكیان لە هەرێمە گەورەكان هەبێت. لەڕووی دەسەڵاتیشەوە دەشێت بەكارهێنانی جۆرێک لە مافی ڤیتۆی ڕەها لەكاتی دانانی یاسا فیدراڵییەكاندا بۆ ئەنجومی دووەم مسۆگەر كە دواجار هەرێمەكان دەتوانن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەكانیان سودی لێبینن[٥٢].

لەبەرەمبنای ئەم شێوازە ڕێكخستنەشدا بۆ پێكهاتە ودەسەڵاتەكانی ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان، بەشێكی بەرچاو لە دەستوری وڵاتانی فیدراڵی (وەک: ئەڵمانیا، مەكسیک، ئەرجەنتین، هندستان، باشوری ئەفریقیا، ئیسپانیا) هەندێک دەسەڵات وتایبەتكاری ئەوتۆیان داوە بەم ئەنجومەنە تا ڕاستەوخۆ ڕۆڵ ببینێت لە چارەسەركردنی ئەو ناكۆكیانەی كە لەنێوان حكومەتی فیدراڵی و هەرێمەكان یان لەنێوان هەرێمەكان خۆیاندا ڕوودەدەن، بەڵكو لە (ئەڵمانیا و باشوری ئەفریقیا) دەبێت ئەنجومەنە بكرێتە مینبەرێک بۆ ڕاگۆڕینەوە و ڕاوێژ لەنێوان ویلایەتەكان تا دووچاری ڕوودانی ناكۆكی و پێكدادانی بەرژەوەندییەكانیان نەبن، یاخود بەر لەوەی پەنا بۆ دادگا ببنە ناكۆكیان لەم ئەنجومەنەدا یەكاڵابكەنەوە. هەموو ئەمانەش وایكردووە كە ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان وەک

(٥٠) المصدر نفسه، ص١٤٦ .

(٥١) المصدرنفسه، ص١٥٨ .

(٥٢) عابد خالد رسول، المجلس التشريعي الثاني فى الدولة الفيدرالية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠١٣، ص٢٠.

میکانیزمێکی کارا بۆ چەرەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتی فیدراڵییدا ئەژمار بکرێت[٥٣].

لەڕاستیشدا، لەڕووی مێژییەوە، هەرچەندە دیاردەی دوو ئەنجومەنی کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ گەشەسەندنەکانی پەرلەمانی بەریتانیا لە ناوەڕاستی سەدەی چواردەیەم، بەڵام بیرۆکەی پێکهێنانی پەرلەمانی فیدراڵی لە دوو ئەنجومەن، بۆ یەکەمین جار، وەک دەرچەیەک بۆ دەربازبوون لە ناکۆکییەکی گەورە گەڵاڵەبوو، ئەویش کاتێک لە ساڵی ١٧٨٧ لەنێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک ئامرازێک بۆ ڕەواندنەوەی مەترسی ویلایەتە بچوکەکان لە هەیمەنەی ویلایەتە گەورەکان پێشنیارکرا، لە ئەنجامدا دوای مشتومڕێکی درێژخایەن بیرۆکەکە پەسەندکرا، کە لەمێژووی ئەو وڵاتەدا بە (سازشی گەورە - Great Compromise) ناسراوە، پرۆسەی بەفیدراڵیکردنی ئەو وڵاتە و نوسینی دەستوری ئەمریکشی لە شکستێکی حەتمی قوتارکرد[٥٤]. هەمان ئەم ناکۆکییە لە کاتی دروستبوونی چەندین دەوڵەتی فیدراڵی دیکەشدا ڕوویدا، وەک سویسرا ١٨٤٨، کەنەدا ١٨٦٧ وئوستراليا ١٩٠١. بەپێی ئەمەش هەندێك لە شارزایانی دەوڵەتانی فیدراڵی ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن، کە دروستکردنی ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان بۆ دەربازبوونە لە ئەگەری دوو مەترسی[٥٥]:

١- ترسی ویلایەتە بچووکەکان لەبەکارهێنانی زۆرینە لەلایەن ویلایەتە گەورەکانەوە لە ئەنجومەنی نوێنەراندا بەمەبەستی زیانگەیاندن بە ویلایەتە بچووکەکان.

٢- ترسی ویلایەتە گەورە و بچووکەکان لە زیادڕەوی دەسەڵاتی ناوەندی فیدراڵی بۆسەر بەرژەوەندی و دەسەڵاتەکانیان.

هەربۆیە دامەزراندنی ئەنجومەنی دووەم لە دەوڵەتی فیدراڵیدا هاوکێشەیەکی پێویستە، کە دەکرێت لەژێر سایەیدا هاوسەنگی لەنێوان هەردوو بنەمای (بەشداری) و(سەربەخۆیی)، کە بەردەوام کۆنترۆڵی دەوڵەتی فیدراڵی دەکەن بەرجەستە بکرێت، بەپێچەوانەوە لە حاڵەتی نەبوونی ئەم ئەنجومەنەدا، ئەگەری ڕوودانی جیاوازیکردن لەنێوان ویلایەتەکاندا و سەرخستنی بەرژەوەندی هەندێ ویلایەت بەسەر هەندێ ویلایەتی تردا هەیە، بەمەش هاوسەنگی نێوان بەرژەوەندییەکانیان تێکدەچێت، کە وادەکات دەوڵەتی فیدراڵی بەرەو ناکۆکی و تەنانەت هەڵوەشانەوەش ببات[٥٦].

کەواتە، بوونی ئەنجومەنی یاسادانانی دووەم لە دەوڵەتی فیدراڵیدا، لەلایەک بەرجەستەی بنەمای بەشداریی دەکات، لەلایەکی دی دەتوانێت ببێتە میکانیزمێك بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوان حکومەتی ناوەندی و هەرێمەکان، یان ناکۆکیەکانی نێوان هەرێمەکان خۆیان، واتە ئەم ئەنجومەنە دەبێتە سەکۆیەك بۆ ڕاوێژکردن و ئاشتبوونەوە و سازان پێش ئەوەی ناکۆکیەکان ڕەوانەی دادگای فیدراڵی بکرێن، ئەم ڕۆڵانەی ئەنجومەنی یاسادانانی دووەمیش متمانە بە دامەزراوە فیدراڵیەکان دەستەبەر دەکات، بەوەی ئەو بڕیارانەی کە بەبەشداری هەرێمەکان دراون زیاتر جێی ڕەزامەندی

(٥٣) عابد خالد رسول، مصدر سابق، ص ٣٣٩-٣٤١.

(٥٤) ياسين محمد العيثاوي، الكونغرس والنظام السياسي الامريكي، دار أسامة للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٧، ص ٦٥.

(٥٥) ينظر: روبرت بوي وكارل فريدريك، دراسات في الدولة الاتحادية، ج ٣، ترجمة: وليد الخالدي وبرهان دجاني، الدار الشرقية للطباعة والنشر ومؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر، بيروت – نيويورك، ١٩٦٦، ص ١٩.

(٥٦) شورش حسن عمر، خصائص النظام الفدرالى، مصدر سابق، ص٤٨.

هەرێمەکان دەبن و نامۆ نابن پێیان، هاوکات ئەو گرەنتیەش بە هەرێمەکان دەدات کە ناتوانرێ بەبێ ڕەزامەندی خۆیان دەستکاری سەربەخۆییان بکرێت[٥٧].

بەم شێوەیە دەبینن ڕۆڵی ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتی فیدراڵییدا بە دوو ئاستە، یەکەمیان لەپرۆسەی دروستکردنی یاسا فیدراڵییەکاندایە، کاتێک پێداچوونەوە بۆ ئەو پرۆژە یاسایانە دەکات کە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە پەسەندکراون، بەمەبەستی گونجانیان لەگەڵ بەرژەوەندی هەرێمەکان و کەمینەکاندا پێش ئەوەی ببنە یاسا، ئەمەش لەپێناو ڕێگرتنە لەهەر ناکۆکییەک کە پێشبینی ڕوودانی بکرێت دوای دەرکردنی ئەو یاسایانە. دووەم ئاستیش ئەوەیە کە هەرکاتێک ناکۆکی لەنێوان ناوەند و هەرێمەکان یان هەرێمەکان خۆیان ڕوویدا دەکرێت ئەم ئەنجومەنە بکرێتە وێستگەیەکی یەکالاکردنەوەی ئەو ناکۆکییانە بەرلەوەی پەنا بۆ میکانیزمە دادوەرییەکان ببرێت.

**لقی سێیەم: دادگای فیدراڵی**

دادگای فیدراڵی بەرزترین دەسەڵاتی دادوەرییە لە دەوڵەتی فیدراڵیدا، کە وەک دەسەتەیەکی دەستوری سەربەخۆ لە هەریەکە لە حکومەتی فیدراڵی و حکومەتەکانی هەرێمەکان هەوڵ بۆ هێنانەدی هاوسەنگی لەنێوان ئەم دوو لایەنە دەدات[٥٨]. هەرچەندە ئەم دادگایە بەپێی دەوڵەتە فیدراڵییە بەراوردییەکان ئەرکی جیاوازی هەیە، بەڵام بەگشتی گرنگترین ئەرکەکانی لە دەوڵەتی فیدراڵیدا ئەمانەی خوارەوەیە[٥٩]:

١- چاودێریکردنی دەستوری بوونی یاسا فیدراڵییەکان و یاساکانی هەرێمەکان.

٢- پێداچونەوەی ئەو حوکمانەی کە لەلایەن دادگاکانی هەرێمەکانەوە دەرکراون.

٣- یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتەکانی هەرێمەکان، هەروەها ناکۆکیەکانی نێوان هەرێمەکان.

ئاشکرایە کە هەرێمەکان لە دەوڵەتانی فیدراڵی لەڕووی پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و بەرژەوەندییانەوە لێک جیاوازن، سروشتی کێشە و ناکۆکییەکانیشان لێکجیاواز و هەمەلایەنە، بۆیە پێویست بە بوونی ڕێکاری تایبەت بۆ چارەسەرکردنیان هەیە باشترین ڕێکاریش بریتییە لە دادگا و میکانیزمە دادوەرییەکان، جگە لەمەش هەمیشە هەرێمە بچووک و لاوازەکان پێویستیان بە بوونی دڵنیایی هەیە بۆ مانەوە بە یەکگرتوویی لەگەڵ هەرێمە گەورە و بەدەسەڵاتەکان، دادگای فیدراڵیش گونجاوترین دەستەی بێلایەنە کە بەشێك لەو دڵنیاییە بگرێتە خۆی، چونگە ئەگەر هاتوو دەزگایەکی ناوبژیوانی بێلایەن لەنێوان هەرێمەکان، هەروەها لەنێوان حکومەتی فیدراڵی وهەرێمەکان نەبوو ئەوا ئەگەری بڕیاری زاڵکردن بەهێز و گەورەکان بەسەر

(٥٧) عابد خالد رسول، مصدر سابق، ص٧٤.

(٥٨) گۆران ئازادحە مە د، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٧ .

(٥٩) احمد ابراهيم الورتي، احمد ابراهيم الورتي، النظام الفدرالى بين النظرية والتطبيق، مكتبة التفسير، اربيل، ٢٠١٣، ص ص٥٣- ص٥٤.

ئەوانیتردا هەیە[٦٠].

بەرچاوکردنی گرنگی دادگای فیدراڵی لە دەوڵەتانی فیدراڵیدا و بەتایبەتی لە بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان یەکە پێکهێنەرەکاندا هەندێك لە یاساناسان بە دەستەیەکی سیاسی، وەك ئەنجومەنی سیاسی سێیەم لەپاڵ (ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی هەرێمەکان) وەسفیان کردووە. چونکە ئەم دادگایە ڕۆڵی هەیە لە بەدیهێنانی بنەماکانی دەوڵەتی فیدراڵی (سەربەخۆیی وبەشداری) و زامنکردنی بوونی ڕاستەقینەی سەربەخۆیی هەرێمەکان و پاراستنی قەوارە سیاسییەکانیان، هەروەها زامنکردنی بەردەوامی دەوڵەتی فیدراڵی و بەهێزبوونی دەسەڵاتەکەی[٦١].

لە ئاستی پراکتیکیشدا دەبینین، کە لە (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) دوایین قسە و بڕیاری کۆتایی لەسەر ڕاڤەکردنی دەستور و ئەو ناکۆکییانەش کە سەبارەت بە دابەشکردنی دەسەڵاتەکانن بە دادگای باڵا سپێردراوە. بەهەمان شێوە لە (ئەڵمانیا) دادگای دەستوریی فیدراڵی هەڵدەستێت بە یەکلاکردنەوەی بابەتەکانی ڕاڤەکردنی دەستور و ناکۆکییەکان سەبارەت بەماف و ئەرکەکانی هەریەکە لە یەکێتی فیدراڵی و ویلایەتەکان، لەگەڵ پیادەکردنی چاودێری فیدراڵی بۆ هەر ناکۆکییەکی دی کە پەیوەندییان بە دەستورەوە هەیە لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و ویلایەتەکان یان لەنێوان ویلایەتەکان یان لەچوارچێوەی یەك ویلایەتدا[٦٢].

وەک نموونە بۆ ڕۆڵی ئەم دادگایە لە چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان، دوای ئەوەی ویلایەتەکانی باشوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە پێشڕەوی ویلایەتی (کارۆلینای باشور) داوای جیابوونەوەیان لە یەکێتی فیدراڵی ئەم وڵاتە دەکرد، کە ئەمەش لە دەرئەنجدا ململانێی خوێناوی و جەنگی ئەهلی لێکەوتەوە، کە ماوەی چوار ساڵی خایاندا، بۆیە لەم باریەوە ساڵی ١٨٦٨ دادگای باڵای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی دەرکرد ئەویش ئەوەبوو کە بەپێی دەستور یەکێتی فیدراڵی قابیلی جیابوونەوە لێی نییە و لە ویلایەتەکان پێکدێت، کە بۆیان نییە جیاببنەوە، تاکە ڕێگەش بۆ جیابوونەوەی ویلایەتەکان، یاخود ئەگەر یەکێتی فیدراڵی بیەوێت ویلایەتێك دەربکات ئەوا هەموارکردنی دەستورە و لەم بارەیەشەوە دەبێت ڕەزامەندی ویلایەتەکە وەربگرێت[٦٣].

هەروەها، لە نموونەی ڕۆڵی دادگای باڵای ئەمریکا بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوان خودی ویلایەتەکان، بریتیە لە ناکۆکی نێوان هەردوو ویلایەتی (وایۆمینگ و ئۆکلاهۆما) کاتێك لە ساڵی ١٩٨٦ ویلایەتی وایۆمینگ ڕایگەیاند، کە ویلایەتی ئۆکلاهۆما ڕێژەی (١٠٪)ی وزە کارەباییەکانی بۆ کڕینی خەڵوز بەکارهاتووە کە ئەمەش بووەتە هۆی کەمبوونەوەی خەڵوزی کڕدراو لەلایەن ویلایەتی وایۆمینگەوە، هەروەها کاریگەری ئەرێنیشی دەبێ لەسەر داهاتی وایۆمینگ لە بواری سەپاندنی باج بەسەر کانە خەڵوزییەکاندا، لەبەرئەمە ویلایەتی وایۆمینگ لەبەردەم دادگای باڵادا داوایەکی

---

(٦٠) المصدر نفسه، ص٥٤ .

(٦١) شورش حسن عمر، الضمانات الواقيعة لاستمرار الدولة الفدرالية" ، المصدرسابق ، ص٥٧.

(٦٢) محمد عمر مولود، مصدر سابق، ص٢٥٢.

(٦٣) المصدر نفسه، ص٢٥٦.

تۆمارکردو لەبەرامبەریشدا دادگای باڵا بەزۆرینەی دەنگ بڕیاریدا کە ویلایەتی وایۆمینگ داواکەی قبوڵکراوەو لەبەرژەوەندی ئەو یەکلاکرایەوە[٦٤].

لێرەوە، هەندێک لە توێژەران گەیشتون بەوەی کە بڵێن لەزۆربەی دەوڵەتە فیدراڵیەکاندا دادگا کۆتا شوێنە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان، بەتایبەت ئەو ناکۆکیانەی کە لەنێوان دوو ئاستەکەی حکومەتدا ڕوودەدەن، بۆیە لەپێناو ئەوەدا کە ئەم دامەزراوەیە بە باشترین شێوە ئەرکەکانی ئەنجام بدات، زۆربەی دەستورە فیدراڵیەکان هەوڵدەدەن گەرەنتی پێویست بۆ پاراستنی بێ لایەنی وسەربەخۆیی دادگاکان دابینبکەن[٦٥].

کەواتە، ئەگەر ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان میکانیزمێکی سیاسییانە بێت بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان و لەنێوان خودی هەرێمەکانیشدا، ئەوا دادگای فیدراڵی میکانیزمێکی دادوەرییانەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییانە لە دەوڵەتی فیدراڵیدا.

### خواستی دووەم : میکانیزمە کاتییەکان (نائاساییەکان)

گرنگترین میکانیزمە کاتییەکان بریتین لە (دانوستان و ڕێکەوتن) و (ڕاگەیاندنی باری نائاسایی) و (جیابونەوە وراگەیاندنی سەربەخۆیی) کەهەر یەکەیان وەک سێ میکانزیمی کاتی و ناچاری لە دەوڵەتە فیدراڵییە بەراوردییەکاندا بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان بەکاردەهێنرێن، بەم شێوەیە:

### لقی یەکەم: دانوستان وڕێکەوتن

دانوستان یەکێکە لە هەستیارترین میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان لەمێژوودا. دەکرێت دانوستانەکان بە ئاڵوگۆڕێکی بیروڕا لە نێوان دوو لایەنی ناکۆك پێناسە بکرێت، لەپێناو گەیشتن بە ڕێککەوتن لەسەر چۆنێتی چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان[٦٦]. کەواتە دانوستان پرۆسەیەکە، کە لەڕێگەیەوە دوولایەن یان زیاتر لەگەڵ یەك کارلێك بکەن لەسەر باوەڕێك بۆ بەرژەوەندی هاوبەش و بەدیهێنانی ئامانجەکانیان وبەدەستهێنانی ئەنجامی خوازراو، کە ئەمەش پێویستی بە پەیوەندی هەیە لەنێوان خۆیاندا وەك میکانیزمێك بۆ بەرتسکردنەوەی ڕووبەری جیاوازییەکانی نێوانیان و فراوانکردنی ڕووبەری ڕێککەوتن لەنێوانیاندا، لەڕێگەی گفتوگۆو قوربانیدان بە هەندێ ئارگۆمێنت و ڕازیبوون بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی پەسەند بۆ لایەنەکان لەسەر پرسی کێشەو ناکۆکیەکانی نێوانیان[٦٧].

زۆرجار پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان مەرجی ئەوە دادەنێن، کە پێش ئەوەی پەنا بۆ ناوبژیوانی یان دادگای نێودەوڵەتی ببرێ، پەنا بۆ دانوستان وڕێککەوتنی دبلۆماسی ببردرێ، دانوستانی دبلۆماسی میکانیزمێکە کە بە سیفەتی نەرمی و بێ دەنگی جیادەکرێتەوە، لەبەرئەوە ئەم میکانیزمە بۆ

(٦٤) لورانس بوم، المحكمة العليا، الجمعية المصرية لنشر، المعرفه والثقافة الحاميه، القاهره، ١٩٩٨، ص٢٧.

(٦٥) عثمان علی ویسي، المصدر السابق ، ص٢٤٢ .

(٦٦) عبدالكريم علوان، الوسيط فی القانون الدولی العام، مكتب دار الثقافه للتعميم والانتاج، عمان، ٢٠١٠، ص١٨٣ .

(٦٧) صحيفة النجاح، مفهوم التفاوض وخصائصه، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/٣/٨ على الرابط الاتی:
https://www.annajah.net/مفهوم-التفاوض-وخصائصه-amparticle-18605

یەکلاکردنەوەی هەموو جۆرە ناکۆکیەکان یان زۆرینەی ناکۆکیەکان بەکاردەهێنرێت(٦٨).

لەناوخۆی دەوڵەتە فیدراڵییەکانیشدا، کاتێک دەستور لەئاست چارەسەری ناکۆکییەکدا بێدەنگبووبێ وتوانای میکانیزمە ئاساییەکانیتریش (ئەنجومەنی هەرێمەکان و دادگای فیدراڵی) بۆ چارەسەری ئەو ناکۆکییە بەقەد پێویست نەبووبێ، ئەوا دانوستان یەکێک بووە لە میکانیزمە کاراکانی بەڕێوەبردنی ململانێ و چارەسەرکردنی، بۆنموونە لە دەوڵەتی فیدراڵی نێجیریا، کە دوای سەربەخۆبوونی بەدەست جۆرەها ناکۆکی و ململانێی ناوخۆییەوە گیرۆدە بووە، لەوانەش ناکۆکی نەتەوەیی و جوداخوازی و ئاینی و ئەتنی و سیاسی، هەروەها جەنگی ناوخۆیی لە نێوان نێجیریا و هەندێک لە هەرێمەکانی، ئەمجا یاخیبوونی ناوچەی دەلتا وگروپی تیرۆریستی بۆکۆحەرام، وێرای کێشە سنوورییەکانی نێجیریا لەگەڵ وڵاتی کامیرۆن، لەپێناو چارەسەرکردنی هەموو ئەمانە یەکێک لە میکانیزمە ستراتیژبەکانی نێجیریا پەنابردن بۆ دانوستان و ڕێککەوتن بووە، بەتایبەت کە لە دۆخێکی وا قەیراناویدا، زۆربەی کات زۆربەی میکانیزمە ئاساییەکان کەمتوانا یان پەکخراوبون(٦٩).

هەروەها نموونەیەکی بەرچاوەکانی بەکارهێنانی میکانیزمی دانوستان و ڕێککەوتن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتانی فیدراڵیدا، بریتییە لە ڕێککەوتنی ئاشتی گشتیگری نێوان حکومەتی نیشتمانی لە باشوری سودان و حکومەتی باکوری سودان، کە لەساڵی ٢٠٠٥ لە کینیا ئیمزاکرا، لەپێناو چارەسەرکردنی قەیرانی نێوان هەردوو حکومەت و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو کێشەو ناکۆکیانەی کە بووبوونە هۆی شەڕ و ماڵوێرانی و وێرانبوونی ژێرخانی ئابوری ومەدەنی هەردوو لایەن، بەتایبەت لە باشوری سودان، کە دواجار هەردوولا ناچاربوون پەنا بۆ چارەسەری سیاسی ببەن و لەسەر هاوبەشیکردنی سامانی سروشتی ڕازیبن. شایەنی باسیشە کە ئەم ڕێککەوتنە سەرەتا دەرفەتێکی گەورەی بۆ حکومەتی باشوری سودانی ڕەخساند، کە داهاتی پێویست بۆ بونیادنانەوەی ژێرخانی داڕماوی بەدەست بهێنێت(٧٠). هەرچەندە دواتر گەندەڵی هەلی سوود وەرگرتن لەم دەرفەتەی لەباربرد.

کەواتە، لەو ڕوانگەیەوە کە بیرۆکەی یەکگرتنی فیدراڵی لە بنەڕەتدا لە پێناو بەدیهێنانی چەندین ئامانج و بەرژەوەیی هاوبەشە، لەپاڵ هێشتنەوەی پەراوێزێک لە سەربەخۆیی بۆ لایەنە یەکگرتووەکان، ئەوا دانوستان باشترین ئامرازە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لەسەر چۆنێتی بەدیهێنانی ئەو ئامانج و بەرژەوەندییانە، هاوکات میکانیزمێکیشە بۆ یەکالاکردنەوەی ئەو ناکۆکییانەی کە لەسەر ئەو ئامانج و بەرژەوەندییانەدا ڕوودەدەن، یان بۆ بەئاشتی کۆتاییهێنان بەو یەکگرتنە ئەگەر هیچ بیانوویەک بۆ بەردەوامبوونی نەمابوو.

---

(٦٨) عصام العطية، القانون الدولي العام، المكتبة القانونية، بغداد، ٢٠١٢، ص٥٨٣ ..

(69) Layi Egunjobi, The Negotiation Issues in Nigeriad post – Independence conflicts, Date of visite: 25/3/2021, at this site:
https://digitalcommons.kennesaw.edu/cgi/viewcontent.cgi?article=1172&context=jgi

(٧٠) وحيد على عبدي، المصدر سابق، ص١٧٠ .

**لقی دووەم: ڕاگەیاندنی باری نائاسایی**

بەکارهێنانی میکانیزمی باری نائاسایی، بریتییە دەرچوونی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە حوکمی یاسا بنەڕەتی و ئاساییەکان، بەگرتنەبەری ڕێوشوێنی بەپەلە و مەترسیدار لەپێناو پاراستنی ئاسایشی گشتی و بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکان. پێویستی ڕاگەیاندنی ئەم حاڵەتەش لەکاتێکدا دەبێت کە دۆخ و هۆکارێك لە دەوڵەتدا بێتە پێشەوە، کە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی بێ توانا بکات لە سەپاندنی ئاسایش و سەقامگیری بەپێی چوارچێوەی یاساییە ئاساییەکان(٧١). بۆیە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی بەکارهێنانی ئەم میکانیزمی بریتین لە(٧٢):

١- دەبێت ڕاگەیاندنی باری نائاسایی بەپێی ئەو بنەما یاساییانە بێت کە پێشتر بۆی دانراوە.

٢- دەبێت تەنها لەو کاتادا بگیرێتەبەر کە وڵات ڕووبەڕووی مەترسییەکی حاشاهەڵنەگر بوویێتەوە و هیچ میکانیزمێکی دی، جگەلە ڕاگەیاندنی باری نائاسایی، بەردەست نەبێت.

٣- دەبێت بۆ ماوەیەکی کاتیی بێت و ئەگەر پێویستی ڕاگەیاندنی نەما کۆتایی بێت.

٤- دەبێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندی نیشتمانییەکان و دامەزراوە گشتییەکان بێت.

٥- دەبێت ئەو ڕێکارانەی لەکاتی باری نائاساییدا دەگیرێنەبەر لە بنەما دەستورییەکان دەرنەچن.

دوو جۆری سەرەکی هەیە لە حاڵەتی باری نائاسایی:

لە دەوڵەتی فیدراڵیشدا، ڕاگەیاندنی باری نائاسایی، یەکێکە لە میکانیزمەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ حاڵەتەکانی جەنگ و قەیرانی ئابوری و یاخیبوونە ناوخۆییەکان و هەوڵەکانی جیابوونەوەدا، لەم مامەڵەیەشدا دامەزراوە فیدراڵیەکان دەسەڵاتێکی زۆریان پێدەدرێت بەو سیفەتەی کە لێپرساویەتی سیاسەتی دەرەوە و مەسەلەی جەنگ و ئاشتی لەئەستۆی ئەم دامەزراوانەدایە(٧٣). ئەمەش هەل بە حکومەتی فیدراڵی دەدات لەکاتی بوونی ناکۆکی لەگەڵ هەرێمێک، یان لەنێوان هەرێمەکدا، پەنا بۆ ئەم میکانیزمە ببات، بەتایبەت گەر ناکۆکییەکە بە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی و یەکپارچەیی وڵات ڕاڤەبکات و میکانیزمە ئاساییەکان بۆ چارەسەرکردنی لەبەردەستیا ناکارابن. جگە لەمەش دەستوری هەندێک لە دەوڵەتە فیدراڵییەکان بە ڕاشکاوی دەسەڵاتی داوە بە حکومەتی فیدراڵ کە لە کاتی بوونی ئاشووبی ئەمنی و نائارامیدا دەست لە کاروباری ناوخۆیی هەرێمەکان وەربدات، وەک لە (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کەنەدا، ئەرجەنتین، هندستان، پاکستان، ڕوسیا، نێجیریا، باشوری ئەفریقیا)، هەرچەندە شێوازی بەکارهێنانی ئەم دەسەڵاتە لەنێوان ئەو وڵاتانەدا جۆراوجۆرە، کە لە هەندێک وڵاتدا تەنها لە ئاستی پێدانی ڕاوێژ بە حکومەتی هەرێمێک و ئاڕاستە کردنی لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە دایە، لە هەندێک وڵاتیتر تا ئاستی ڕەتکرنەوەی هەندێک یاسای هەرێمێکە، لە

(٧١) اسعد غالي حمزة، قانون الطواريء وحقوق الانسان، جامعة القادسية، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/٢/٢٥، على الرابط: https://qu.edu.iq/law/wp-content/uploads/2013/11/قانون-الطوارئ-وحقوق-الانسان.pdf

(٧٢) جغلول زغدود، حالة الطواريء وحقوق الانسان، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية الحقوق والعلوم التجارية، جامعة بـومرداس، ٢٠٠٥، ص١٣.

(٧٣) معمر مهدي صالح، توزيع الاختصاصات الدستورية فى الدول الفيدرالية، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، ٢٠١٠، ص ص ٢٣٠-٢٣١.

هەندێک وڵاتیتر تا ئاستی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی هەرێمک چووە جا دەشێت لەسەر داوای حکومەتی هەرێمەکە بێت یان تەنها بەو یستی حکومەتی فیدراڵی بێت، بەڵام لە هەندێک وڵاتیتر تا ئاستی هەڵپەساردنی حکومەتی هەرێمێکیش ڕۆیشتووە(٧٤).

هەرچەندە هەندێک لە شارەزایان باوەڕیان وایە کە دەوڵەتانی فیدراڵی وەک هەرجۆرە دەوڵەتێکیتر پێویستە جۆرە نەرمییەك لە دەستورەکانیاندا هەبێت بۆئەوەی حکومەتەکانیان بتوانێت بە پێوانە نائاساییەکان مامەڵە لەگەڵ حاڵەتە نائاسایی لەناکاوەکان بکات، وەک جەنگەکان و شکستی ئابوری و ڕاپەڕین و ئاژاوە و تێکدان و جیابوونەوە(٧٥). بەڵام بە بڕوای هەندێکیتر لە شارەزایان ئەو دەوڵەتە فیدراڵییانەی ئەم جۆرە دەسەڵاتانە بە حکومەتی فیدراڵی دەدەن، لەکاتی بەکارهێنانیدا سروشتی فیدراڵی تەواو لەدەست دەدەن و دەبنە نیمچە فیدراڵی، گەرچی ڕەنگە دەستوری هەندێک لەو وڵاتانە جۆرێک ڕۆڵی بە دادگاکان دابێت بۆ حوکدان لەسەر ڕاگەیاندنی بارە نائاساییەکە، یان ڕەزامەندی پەرلەمان کردبێتە مەرج بۆ بەکارهێنانی هێز لەکاتی بارە نائاساییەکەدا، بەڵام ئەم کۆت و مەرجانە کاریگەرییەکی سنورداریان هەیە، بە تایبەت ئەگەر هەمان زۆرینەی حیزبی کۆنترۆڵی هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن ویاسادانانی فیدراڵی بکات(٧٦).

کەواتە، دەبنین، ڕاگەیاندنی باری نائاساییدا میکانیزمێکی کاریگەرە بۆ چارەسەری ناکۆکی، بەڵام گرنگترین کەلێن لەم میکانیزمەدا ئەوەیە کە تاکلایەنە بە ویستی حکومەتی فیدراڵی بەکاردەهێنرێت، گەرچی ڕەنگە لە هەندێک حاڵەتی دەگمەندا حکومەتی هەرێمێکی ناکۆک یان چەند لایەنێکی ناوخۆیی ئەو هەرێمە خۆیان داوای بەکارهێنانی لە حکومەتی فیدراڵی بکەن، بۆیە زۆربەی جار یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییە بەم میکانیزمە لە بەرژەوەندی حکومەتی فیدراڵی دەبێت.

**لقی سێیەم: جیابوونەوەو ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی**

مەبەست لە جیابوونەوە بریتییە لە ڕۆیشتن و سەربەخۆبوونی هەرێمێك یان پارچەیەک لە سەروەری دەوڵەتی ئەصڵی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ، ئەمەش کاتێك دەبێت، کە ئەو هەرێمە یان پارچەیە هەموو توخمەکانی بوون بە دەوڵەتی کۆکردبێتەوە و جێگری کردبێت و دەوڵەتە ئەصڵییەکەش نەیتوانی بێت قایلی بکات کە واز لە جیابوونەوە بهێنێت(٧٧).

سەبارەت بە مەسەلەی جیابوونەوە لە دەوڵەتی فیدراڵیدا، یەکێک لەو پرسیارە سەرەکییانەی کە هەمیشە دەوروژێنرێن ئەوەیە کە ئایا دەوڵەتانی ئەندام لە یەکیتی فیدراڵییدا مافی هەڵوەشاندنەوە یان پوچەڵکردنەوەی یاسا فیدراڵییەکانیان هەیە؟ ئەی ئایا مافی بڕیاردانی یەکلایەنەیان بۆ جیابوونەوە لە یەکیتییەکە هەیە؟ ڕیشەی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کاتێك ویلایەتی (کارۆلینای باشور) لە ساڵی ١٨٣٢ بە پوچەڵکردنەوەی

(٧٤) جورج اندرسون، مصدر سابق، ص ص ٥٢ - ٥٣.
(٧٥) روبرت بوی و كارل فريدريك، مصدر سابق، ج ٢، ص١٥٩.
(٧٦) جورج اندرسون، مصدر سابق، ص٥٢.
(٧٧) عبد الواحد محمد الفار ، القانون الدولي العام، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٩٤، ص١٤٨.

هەندێك لە یاسا فیدراڵییەكانی كە پەیوەنداربوون بەنرخی گومرگەوە هەڵوێستی وەرگرت، بە بیانووی ئەوەی كە كۆنگرێس لە بەكارهێنانی ئەو دەسەڵاتانەی لە دەستوری فیدراڵیدا بۆی دیاریكراوە سنووری خۆی بەزاندووە، ئەوەش ماف بە هەر ویلایەتێك دەدات، كە ئەو یاسا نادەستورییانە بە پوچەڵ دابنێت. هەر ئەم ناكۆكیانەش بوون كە دواتر پەرەیانسەند بۆ ئەوەی ساڵی ١٨٦٠ (كارۆلینای باشور) بڕیاری جیابوونەوە لە یەكێتی فیدراڵی ئەمریكا ڕابگەیەنێت، بەدوایشیدا دە ویلایەتی تری باشوری ئەو وڵاتە هەمان بڕیاریاندا[٧٨].

بەگشتی، هەرچەندە هەندێك لە دەستوری وڵاتانی فیدراڵی لە ئاست ئەم پرسەدا بێدەنگن وەک: (ئوستراليا، ئەڵمانیا، سویسرا)، بەڵام زۆربەی دەستورە فیدراڵیەكان بە ئاشكرا یان نائاشكرا دەقێكی وەهای تێدایە، كە جەخت لەسەر یەكپارچەیی وڵات و پاراستنی یەكێتییەكە دەكاتەوە، بەمەش ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ مافی جیابوونەوەی یەكە پێكهێنەرەكان لە یەكێتییەكە قەدەغە دەكات، وەک: (ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، مەكسیك، بەڕازیل، هندستان، نێجیریا، ئیسپانیا). لەبەرامبەریشدا، هەندێک دەستوری فیدراڵی، بە دەقی ڕاشكاو مافی جیابوونەوەیان بەیەكە پێكهێنەرەكان داوە، ئەمەش بەمەبەستی دورکەوتنەوە لە قەیرانی دەستوری و ڕێگرتن لە قەڵبوونەوەی ناكۆكییەكان بۆ پێكدادانی چەكداری، وەك: (دەستوری یەكێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٧٧، دەستوری ئەسیوبیا لە ساڵی ١٩٩٥، دەستوری سودان بۆ قۆناغی گواستنەوە لە ساڵی ٢٠٠٥، دەستوری سانت كیتس ئەند ڤیس لە ساڵی ٢٠٠٣)[٧٩].

هەندێك لە شارەزایان هۆشدارییان سەبارەت بە مەترسییەكانی چەسپاندنی مافی جیابوونەوە لە دەستوردا داوە، چونكە بەبڕوای ئەوان لەگەڵ ئەو بنەمایانەدا ناگونجێت كە دەوڵەتی فیدراڵی لەسەر دامەزراوە و مەترسی لەسەر یەكپارچەیی و سەقامگیری وڵات دروست دەكات، هەروەها دەبێتە هۆی لاوازبوونی حكومەتی فیدراڵی و دەیخاتە ژێر گوشاری حكومەتەكانی هەرێمیەكان بەشێوەیەك كە بۆ بەدەستهێنانی داواكارییەكانی خۆیان بەكاری دەهێنن، بۆیە دامەزراندنی دەوڵەتی فیدراڵی پێویستی بە پابەندبوونێكی هەمیشەیی بە هاریكاری و تەبایی هەیە و جیابوونەوە لەگەڵ بنەماكانی دەوڵەتی فیدراڵی یەكناگرێتەوە[٨٠].

كەواتە، ئەم هەڵوێستە دژبەیەكانە سەبارت بە پرسی جیابوونەوە، گومان لەسەر ئەوە دادەنێت كە ئاخۆ تا چ ڕادەیەک دەشێت وەک میكانیزمێک بۆ چارەسەری ناكۆكییەكان ئەژمار بكرێت؟ لەڕاستیشدا، بەبڕوای هەندێک، دەشێت جیابوونەوە لەو دەوڵەتە فیدراڵییانەی كە لە جێبەجێكردن و چەسپاندنی بنەماكانی فیدراڵیدا شكست دەهێنن، ڕۆڵێكی سەرەكی ببینێت لە چارەسەركردنی ئەو ناكۆكییانەی كە یەكە پێكهێنەرەكان بەرامبەر حكومەتی ناوەندی توشی دەبن، بەتایبەت كاتێك حكومەتی فیدراڵی مەیلی ناوەندیبونی زۆربێت و لە دیموكراسی دوور بكەوێتەوە و دەرفەتی دیالۆگ

(٧٨) الشافعي رشيد، القانون الدستوري والنظم السياسية السودانية، منشأه المعارف، الاسكندرية، ١٩٧٢، ص١٧٦.

(٧٩) صلاح جبير البصيصي، "انفصال الوحدات المكونة للدولة الفيدرالية"، مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية والسياسية، جامعة بابل- كلية القانون، المجلد ٥، العدد ٢، ٢٠١٣، ص ص ٣٧٠-٢٧١.

(٨٠) المصدر نفسه، ص٣٧١.

یان هاوکاری لە نێوان ناوەند و هەرێمەکان کەمبێتەوە، بۆیە لێرەدا هەرێمەکان دەرفەتێك کە بەڕاست و دروستی بزانن لەبەردەمیان بەردەوام نەبوونە لەو یەکێتیە و گرتنەبەری میکانیزمی جیابوونەوە و سەربەخۆییە[٨١].

هەروەها، دەشیت جیابوونەوە ڕۆڵی هەبێت لەچارەسەرکدنی گرفتەکانی نەبوونی حوکمی یاسا و پابەند نەبوون بە دابەشکارییەکانی دەستوری فیدراڵی بۆ دەسەڵاتەکان و ڕێزنەگرتن لەمافی کەمینەکان، کە ئەمەش ئەگەری قایلبوون بەمانەوەی هەندێک یەکە لە یەکێتییە فیدراڵیەکەدا کەمتر دەکاتەوە، بە تایبەت ئەو فیدراڵییانەی بەزۆر سەپێندراون، وەك لە قەیرانی چیچاندا لە ساڵی ١٩٩٤ ڕوویدا بەوپێیەی کە چیچان بە ئیرادەی خۆی نەچووبووە ناو یەکێتی فیدراڵی ڕوسیاوە[٨٢].

هاوکات، لەو وڵاتە فیدراڵییانەی کە بەدەست ململانێی ئەتنی و نەتەوەییەوە دەناڵێنن و گروپە ئەتنی و نەتەوەییە جیاوازەکان ناتوانن تەبایی و پێکەوەژیان لەژێر سێبەری یەک دەوڵەتدا بەدیبێنن، دەشێت جیابوونەوە ڕۆڵێکی گرنگ ببینێ، بەوەی کە هەر نەتەوە و گروپێك بڕیار لە ئایندەی چارەنوسی خۆی بدات کە ئاخۆ هەر لەو دەوڵەتەدا دەمێنێتەوە، یان دەبێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەپاش جیابوونەوەی، یان لەگەڵ دەوڵەتێکی تر یەك دەگرێت. هەروەها دەشێت جیابوونەوە میکانیزمێک بێت بۆ چارەسەری ئەو ناکۆکی و ململانێیانەی کە لە دەوڵەتانی فیدراڵیدا لەسەر کێشەی ناوچە و سنورە جێناکۆکەکان دروست دەبن[٨٣]، ئەگەر بنەماکانی فیدراڵیزم خۆی نەیتوانی ئەو ناکۆکیانە چارەسەر بکات.

لە مێژووی دەوڵەتانی فیدراڵیدا چەندان نموونەی بەکارهێنانی میکانیزمی جیابوونەوە بۆ چارەسەری ناکۆکییەکان هەن، لەوانەش جیابوونەی سەنگافورە لە مالیزیا ساڵی ١٩٦٥، جیابوونەوەی بەنگلادیش لە پاکستان ساڵی ١٩٧١، جیابوونەوەی زۆربەی کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەت لەم یەکێتییە ساڵی ١٩٩١؛ لێکجیابوونەوەی چیک و سلۆڤاک لەساڵی ١٩٩٣، جیابوونەوەی ئەریتیریا لە ئەسیوبیا ساڵی ١٩٩٣؛ جیابوونەوەی مۆنتینیگرۆ لە یۆگسلافیا ساڵی ٢٠٠٦، جیابوونەوەی باشوری سودان لە سودان ساڵی ٢٠١١[٨٤].

لەکۆتاییدا، دەبینین کە میکانیزمی جیابوونەوە میکانیزمێکی جێی مشتومڕە لەوەدا ئاخۆ تا چ ڕادەیەک کاریگەری ئەرێنی یان نەرێنی هەیە لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا، هەروەها بەهامان شێوەی ڕاگەیاندنی باری نائاسایی، گرنگترین کەلێن لە میکانیزمی جیابوونەوەدا ئەوەیە کە تاکلایەنە بە مکوڕبونی هەرێم و یەکە پێکهینەرەکان بەکاردەهێنرێت، گەرچی ڕەنگە لە هەندێک حاڵەتی دەگمەندا حکومەتی فیدراڵی بە بەکارهێنانی قایل بن، بۆیە زۆربەی جار یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکان بەم میکانیزمە لە بەرژەوەندی هەرێمەکان دەبێت.

(٨١) محسن سعدون الكركري، الفيدرالية فى المجتمعات المتعددة، مطبعه ازادى، دهوك، ٢٠٠٨، ص٧٤ .
(٨٢) صلاح جبير البصيصى، المصدر السابق، ص٣٧٧ .
(٨٣) المعرفة، تأريخ اريتريا، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/٣/١٦، الرابط الاتى: https://studies.aljazeera.net/en/node/4384
(٨٤) جورج اندرسون، مصدر سابق، ص ص ٧١- ٧٢.

## دەرئەنجامەكان

گرنگترین دەرئەنجامەكانی ئەم توێژینەوە بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

١- بەگشتی دەوڵەتی فیدڕاڵی بریتیە لە دەوڵەتێك كە چەند كیانێكی دەستوری لەخۆگرتووە، هەر كیانەی یاسای تایبەت بەخۆی هەیەو خاوەن ئۆتۆنۆمی خۆیەتی و سەرجەم كیانەكانیش پابەندی دەستوری فیدڕاڵین.

٢- گرنگترین تایبەتمەندیەكان لەدەوڵەتی فیدڕاڵیدا بریتیە لە دوانەیی دەسەڵاتی گشتی و بوونی دەستورێكی نوسراو و بوونی جۆرێك لە نوێنەرایەتیكردنی دەستورێكی نوسراو بوونی جۆرێك لە نوێنەرایەتیكردنی بەسەنگ بۆ هەرێمە بچووكەكان و چەند دەرگایەك بۆ یەكلاكردنەوەی ناكۆكییەكان، هاوكات لەگەڵ بوونی چەند ئامرازو دەزگایەك بۆ ڕایكردنی پەیوەندی نێوان حكومەتەكان.

٣- گومانی تێدانییە كە دەوڵەتی فیدڕاڵیش وەكو كۆی فۆرمەكانی تری دەوڵەت تووشی ناكۆكی و گرفت دەبێتەوە لەئاستی جۆراو جۆرو جیاوازدا.

٤- گرنگترین تەوەرەكانی كە دەبنە جێی ناكۆكی لە دەوڵەتی فیدڕاڵیدا بریتین لە ئارەزووی زیادكردنی دەسەڵات لەلایەن حكومەتی فیدڕاڵی و ناوەندی بوونی دەسەڵاتەكان لە دەوڵەتی فیدڕاڵیدا، هەروەها چۆنیەتی دابەشكردنی داهات و سەرچاوە داراییەكان بەجۆرێ ئەگەر حكومەتی فیدڕاڵی بەشێكی زۆر لەو سەرچاوانە بۆ خۆی بهێڵێتەوە ئەوا دەبێتە هۆی دروستبوونی ناكۆكی، تەوەرێكی گرنگی دیكەی ناكۆكیش بریتیە لە داڕشتنی شوناسی دەوڵەتە فیدڕاڵیەكەو نەگەیشتنە شوناسێكی گونجاو بۆ دەوڵەتەكە.

٥- گرنگترین هۆكارەكانی دروستبوونی ئەم ناكۆكیانەش خۆیان لە لاوازی دیموكراسی و ئارەزووی دەسەڵاتی تاكلایەنە وگرفتی دەوڵەتی فیدڕاڵی پێكهاتوو لە دوو یا سێ هەرێم، و نا هاوسەنگییە ئابوری و داراییەكان، و جیاوازییە ئیتنی و نەتەوەییەكاندا دەبیننەوە.

٦- میكانیزمەكانی چارەسەركردنی ناكۆكییەكان لە دەوڵەتە فیدڕاڵیەكاندا دابەش دەبن بەسەر دوو جۆردا: میكانیزمە هەمیشەییەكان و میكانیزمە كاتییەكان، هەریەك لەمانەش چەندین جۆر میكانیزم لەخۆدەگرێ.

٧- دەستوری فیدڕاڵی میكانیزمێكی گرنگە لە میكانیزمی هەمیشەییەكانی چارەسەركردنی ناكۆكییەكان، بەو پێیەی دەستور بنەمای دروستبوونی دەوڵەتەكەیەو دەكرێت ڕێگربێت لەسەرهەڵدانی ناكۆكی و بەشێكیش بێت لە چارەسەر، هەروەها لە ئەنجومەنی دووەمی یاسادانان كە تایبەتە بە نوێنەرایەتی كردنی یەكە پێكهێنەرەكان و دەكرێت ببێتە جێگایەك بۆ چارەسەركردنی ناكۆكیەكانیش، میكانیزمێكی هەمیشەیی تر بریتیە لە دادگای فیدڕاڵی، كە لەزۆر دەوڵەتانی فیدڕاڵیدا میكانیزمی یەكەم و كۆتاییە بۆ ئەو ناكۆكیانەی كە لە نێوان دوو ئاستەكەی حكومەتدا یان لەنێوان یەكە فیدراڵییەكاندا ڕوودەدەن.

٨- میكانیزمە كاتیەكانیش بریتین لە دانوستان و ڕێككەوتن، كە میكانیزمی هەرەكۆن و باوە بۆ چارەسەركردنی ناكۆكییەكان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا پەنای بۆ دەبرێ و ڕۆڵێكی گرنگ و دیاری هەیە،

هەروەها ڕاگەیاندنی باری نائاسایی میکانیزمێکیارە کە بەمەبەستی چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان بەکاردەهێنرێت و زیاتر پەیوەستە بەو وڵاتانەی کە تووشی جەنگ و دۆخی نائارامی ئەمنی دەبنەوە، لە حاڵەتێکیشدا گەر ناکۆکییەکان قوڵ بوون و هەر چارەسەرنەکران پەنا دەبرێتە بەر میکانیزمی جیابوونەوەو ڕاگەیاندنی سەربەخۆی کە یەکێکی ترە لە میکانیزمە کاتییەکان کە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا پەنای بۆ دەبرێت.

## لیستی سەرچاوەکان:


**یەکەم: کتێب**

**أ- کتێبی کوردی:**

(١) پێشەوا حمید عبدالله، پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن لە دەوڵەتی فیدراڵیدا، مەکتەبی بیرو هۆشیاری یەکێتی، سلێمانی، ٢٠٠٩.

(٢) حەسەن مستەفا و بژار عبدالله، سیستەمە سیاسیەکان (سیستەمی سیاسی عێراق و هەرێمی کوردستان وەك نموونە)، ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی سۆران، هەولێر، ٢٠١٢.

(٣) شۆڕش حەسەن عمر، گیروگرفتی دەوڵەتی فیدراڵی پێکهاتوو لە دوو یان سێ هەرێم، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٣.

(٤) گۆران ئازاد حەمەد، دەسەڵاتی دادوەری لە دەوڵەتی فیدراڵیدا، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٨ .

(٥) ناوەندی لێکۆڵینەوەی حیزبی دیموکراتی ئێران، فیدراڵیزم لە وڵاتانی فرە نەتەوەدا، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٠.

**ب- کتێبی عەرەبی و بەعەرەبیکراو:**

(١) احمد ابراهيم الورتي، احمد ابراهيم الورتي، النظام الفدرالى بين النظرية والتطبيق، مكتبة التفسير، اربيل، ٢٠١٣.

(٢) أحمد على احمد، التنظيم الادارى فى الدول الاتحادية، منشورات الحلبى الحقوقية، بيروت، ٢٠١٨.

(٣) اريان محمدعلى، الدستور الفيدرالي، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٩.

(٤) باتريك هـ اونيل، مبادئ علم السياسة المقارن، ت: (باسل جبلى)، مكتبة مؤمن فريش، سوريا، ٢٠١٢.

(٥) جورج اندرسون، مقدمة عن الفدرالية: ماهي الفدرالية؟ وكيف تنجح حول العالم؟، ترجمة: مها تكلا، منتدى الاتحادات الفيدرالية، كندا، ٢٠٠٧.

(٦) حميد الساعدى، مبادئ القانون الدستورى و تطور النظام السياسى فى العراق، دار الحكمه للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٩٠.

(٧) روبرت بوي وكارل فريديك، دراسات في الدولة الاتحادية، ج ٣، ترجمة: وليد الخالدي وبرهان

دجاني، الدار الشرقية للطباعة والنشر ومؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر، بيروت – نيويورك، ١٩٦٦.
(٨) رونالد ل. واتس، الانظمة الفدرالية، ترجمة: غالي برهومة ومها بسطامي ومها تكلا، طبعة خاصة، منتدى الاتحادات الفيدرالية، اوتاوا، ٢٠٠٦.
(٩) سۆران على حسن، التنظيم القانونى للوحدات الفدرالية فى العراق، مركز ژير، اربيل، ٢٠١٧.
(١٠) الشافعى رشيد، القانون الدستورى والنظم السياسية السودانية، منشأه المعارف، الاسكندرية، ١٩٧٢.
(١١) شورش حسن عمر، خصائص النظام الفدرالي: دراسة تحليلية مقارنة، مركز العربي، القاهرة، ٢٠١٦.
(١٢) عابد خالد رسول، المجلس التشريعي الثاني فى الدولة الفيدرالية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠١٣.
(١٣) عبدالكريم علوان، الوسيط فى القانون الدولى العام، مكتب دار الثقافه للتعميم والانتاج، عمان، ٢٠١٠.
(١٤) عبد الواحد محمد الفار، القانون الدولي العام، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٩٤.
(١٥) عصام العطية، القانون الدولي العام، المكتبة القانونية، بغداد، ٢٠١٢، ص٥٨٣ ..
(١٦) لورانس بوم، المحكمة العليا، الجمعية المصرية لنشر، المعرفه والثقافة الحاميه، القاهره، ١٩٩٨.
(١٧) لطيف مصطفى أمين، الفيدرالية وأفاق نجاحها فى العراق، سردم للطباعة والنشر، ٢٠٠٦.
(١٨) محسن خليل، القانون الدستوري والنظم السياسية، بدون مكان الطبع وجهة النشر، ١٩٨٧.
(١٩) محسن سعدون الكركري، الفيدرالية فى المجتمعات المتعددة، مطبعه ازادى، دهوك، ٢٠٠٨.
(٢٠) محمد رفعت عبدالوهاب، الانظمه السياسية، منشورات الحلبى الحقوقية، ٢٠٠٥.
(٢١) محمد عمر مولود، الفيدرالية وامكانية تطبيقها ڤى العراق، مؤسسة موكريان، اربيل،٢٠١٣ .
(٢٢) محمد كامل ليلة، النظم السياسية (الدول والحكومات)، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٦٩.
(٢٣) محمد هماوندي، الفيدرالية والحكم الذاتي، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠١.
(٢٤) معمر مهدي صالح، توزيع الاختصاصات الدستورية فى الدول الفيدرالية، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، ٢٠١٠.
(٢٥) نعمان احمد الخطيب، الوجيز ڤي النظم السياسية، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، ط ١، ١٩٩.
(٢٦) وليد كاصد الزيدى، الفدرالية: المركز الاسلامى للدراسات الاستراتيجية، النجف، ٢١٠٩.
(٢٧) ياسين محمد العيثاوي، الكونغرس والنظام السياسي الامريكي، دار أسامة للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٧.

**ج- کتێبی ئینگلیزی:**

(1) Louis Kriesberg, Constructive Conflicts: From Escalation to Resolution, Rowman & Littlefield Publishers, 2007, Third Edition, New York, 2007.
(2) Hanns Bühler, Susanne Luther and Michael Siegner (eds.), FEDERALISM AND CONFLICT MANAGEMENT, Hanns Seidel Foundation, Munich, 2017.

**دووەم: توێژینەوەکان:**

(١) خامۆش عمر عبدالله، دور القضاء الدستورى فى حمايه الحقوق و الحريان العامه، مجله القانون و السياسية، كليه القانون والسياسة، جامعة صلاح الدين، السنة العاشرة، العدد ١١، اربيل، ٢٠١٢.

(٢) صلاح جبير البصيصي، "انفصال الوحدات المكونة للدولة الفيدرالية"، مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية والسياسية، جامعة بابل- كلية القانون، المجلد ٥، العدد ٢، ٢٠١٣.

**سێیەم: تیزی دکتۆرا و نامەی ماستەر**

**ا- تیزی دکتۆرا:**

(١) عادل ابراهيم، ادهم التنظيم الاداري فى الدول الاتحاديه (العراق نموذجا)، اطروحة دكتورا (غير منشورة)، كلية القانون، جامعة سانت كليمنتس العالمية، ٢٠١٤.

(٢) عثمان على ويسي، الطبيعة الديناميكية للدستور الفدرالي، أطروحة دكتورا (غير منشورة)، جامعة صلاح الدين، اربيل، ٢٠١٣.

(٣) علي مدلول محسن، ضوابط ممارسة الوظيفة التشريعية في الدساتير الفيدرالية، اطروحة دكتورا (غير منشورة)، كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة بيروت، ٢٠١٦.

**ب- نامەی ماستەر:**

(١) أمجد على حسين، النظام الفدرالى كحل للنزاعات فى المجتمعات التعددية العراق نموذجا، رسالة ماجستير (غير منشورة)، جامعة دهوك، كلية القانون والسياسية، قسم القانون، ٢٠١٠.

(٢) آيات سلمان شهيب، النظام الفيدرالي في العراق (دراسة دستورية مقارنة)، رسالة ماجستير (غير مننشورة)، قسم القانون العام- كلية الحقوق - جامعة النهرين، ٢٠٠٧.

(٣) جغلول زغدود، حالة الطواريء وحقوق الانسان، رسالة الماجستير (غير منشورة)، كلية الحقوق والعلوم التجارية، جامعه بـومرداس، ٢٠٠٥.

(٤) سولاف محمدامين، تحديد الصلاحيات في الدولة الفدرالية : دراسة تحليلية مقارنة في طبيعة الدستور الفدرالي، رسالة ماجيستر (غير منشورة)، كلية القانون، جامعة صلاح الدين، ٢٠٠٦.

(٥) وحيد على عبدي السليڤانى، تقاسم الثروات فى الدول الفيدرالية: منازعات و حلول "دراسة مقارنة"، رسالة ماجستير (غير منشورة)، سكول القانون - فاكلتي القانون والإدارة في جامعة دهوك، ٢٠١٣.

**سێیەم :سەرچاوە ئەلکترۆنیەکان**

**ا-بەکوردی**

(١) ئازاد وەڵەدبەگی، فیدراڵیزمی دارایی لە دەوڵەتە فیدراڵیەکان؛ عێراق وەك نموونە، بەرواری سەردان:٢٠٢١/١/١١ وەرگیراوە لەم پێگەیەی خوارەوە:

http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/357-2018-09-02-18-56-38?

**ب- بەعەرەبی**

(١) اسعد غالي حمزة، قانون الطواريء وحقوق الانسان، جامعة القادسية، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/٢/٢٥، على الرابط:
https://qu.edu.iq/law/wp-content/uploads/2013/11/قانون-الطوارئ-وحقوق-الانسان.pdf
(٢) عبدالجبار احمد، الفدرالية واللامركزية فى العراق، مؤسسة فريدريش إيبرت - مكتب الأردن والعراق، بغداد، تشرين الثاني ٢٠١٣، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/١/١٠، على الرابط الاتي:
https://library.fes.de/pdf-files/bueros/amman/10420.pdf?fbclid
(٣) صحيفة النجاح، مفهوم التفاوض وخصائصه، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/٣/٨ على الرابط الاتى:
https://www.annajah.net/مفهوم-التفاوض-وخصائصه-amparticle-18605
(٤) المؤسسة الدولية للديمقراطية والانتخابات، الفيدرالية، ايار/ ٢٠١٥، تاريخ الزيارة: ٢٠٢٠/١٢/١٠ على الرابط الاتى:
https://www.idea.int/sites/default/files/publications/federalism-primer-AR.pdf
(٥) المعرفة، تأريخ اريتريا، تاريخ الزيارة: ٢٠٢١/٣/١٦، الرابط الاتى:
https://studies.aljazeera.net/en/node/4384.
(٦) موقع وساطة السلام، الفدرالية، تاريخ زيارة ٢٠٢١/١/٢٥ على الرابط الاتى:
https://css.ethz.ch/content/dam/ethz/special-interest/gess/cis/center-for-securities-studies/pdfs/PME_Federalism_Arabic-Version.pdf

**ج- بەئینگلیزی:**

(1) Layi Egunjobi, The Negotiation Issues in Nigeriad post – Independence conflicts, Date of visite: 25/3/2021, at this site:
https://digitalcommons.kennesaw.edu/cgi/viewcontent.cgi?article=1172&context=jgi
(2) G. Alan Tarr, Federalism and Identity: Reflections on the American Experience, Dans L'Europe en Formation, 2013, date of visited: 20/5/2021, at this site: